ئامادە کردنی :

تایپی

کوردeکا

بۆکان، پاساژی عەباسی ☎ ٦٢٤٣٤٢٥

«نامەیەک لە لایەن رومان نووسی بوکانەوە

کاک فەتاح ئەمیری

نامەیک بۆ کاک سەلاح نووسەری تروسکەیەک لە تاریکیدا.
برای بەڕێز!
لە خوێندنەوەی کورتە چیرۆک و کورتیلە چێروکەکانتبوومــەوە. پێم خۆش بوون. تام و چێژی ژیانی کوردەوارییان‌لێدەکــەم. لــە کەرەسەی خۆماڵی کەڵک وەرگیراوە و مۆری‌نەتەوایەتیان پێوەیە. من مریدی مامۆستا گۆرانم کە دە شێعری‌دەروێــش عــەبدوڵڵــادا فەرموریەتی:
«مەزاجی کوردەواریم تێک چووە دەروێش عەبدوڵڵا
دەسا لەو لاوک و لای لای و حەیرانە
سکاڵایەک دەگەڵ رۆحی کلۆڵم کە.»
بەڵام بەوانە تەساڵحەت دەگــەڵ نالکــەم. هیــوادارم بــەرهــەمــی زۆرباشتری بە دوو دابێ. کورد گوتەنی:
«ئەوە بێ و هەزاری دی»

ئێمە دەبـواری چیرۆکـدا کـەمێـک لـە دوایـن، وەک گـەلێکـی زیندووزمانێکی زیندو دەبێ پتر حەول بدەین و بوونی خۆمان بـە دنیایئەمرۆ سبووت بکەین.

«سەمەدی بێهرەنگـی» کورتـە چیرۆکیکـی هـەیـە «یـک هلـو، هزارهلو» «هەڵوویەک: هەزار هەڵوو»

بـە کـورتی باسـی دار هەڵـوویەکـی دەکـا، دەبـەرانبـەر هـەوڵ و دەوڵیباخەوانەکەیدا، کـڕنوش دەبـا و تاقـە دەنکێکـی پێـوەیـە دەیخاتەبەردەستی باخەوانەکەی و دەبڕێتەوە.

بـەڵـام دەشـارەکـەی ئێمـەدا، شـاری بوکـان، شـاری چـیرۆک، شاریقەڵەم، من دەبیـنـم تـەنیـا دارەکـەی مامۆسـتا «قزلجـی» بەرهەمی زۆر وباشـی داوە، زۆر لاوی چـیرۆک نووسمـان هـەن، بناخەی بە باشی دادەمەزرێ و ئومێد بە دوا ڕۆژی روون زۆرە.

مـن وەک پـیرە پیـاوێکی بـێ هێـزی ئـەم ڕێگـا پـیرۆزە، بـە پێچەوانەیبەشێک لە نووسەران دەمەوێ بۆ خەڵک بنووسـم، بـۆ خوێنەر قەڵەملێدەم. دەمەوێ خەڵک شتەکانم چاو لێکا، کەڵکی لێوەرگرێ و لێیرازی بێ.

من پێم وایە هەر نووسەرێک بەرەو نویخوازی نەڕوا،قەڵەمەکـەی مردووە. ئەمما نویخوازی نەکاتە لاسا کردنەوەی،نویخوازی نەباتە ئەو جێگایەی سەر لە خوێنەر بشێوێنێ و لەخوێندنەوە ببیـزرێ. مـەتڵـەبی نـوێ بـە کـەرەسـەی خۆماڵـیەوە جـوانترەو مـۆری نەتەوایەتی بە هەر نووسراوەیەکدا پێویستە.

مـــن داوای ســـەر کـــەوتـــن بـــۆ هـــەمـــوو لایـــەک دەکـــەم و چاوەڕێیبەرهەمی جوانتر دەم.

فەتاح ئەمیری
١٣٧٩/٥/٥ ـ بوکان

## «دەنووکی ماسی»

ـ ئەوە چییە! بە چی پێدەکەنی؟
ـ بە ئەو ماسیانە!
ـ کچێ زووبە زوو، ماسی چیە تاکوو پێی پێبکەنی!
ـ بە راستی سەیرە، دایە تۆ قەت پێناکەنی؟
کچە کە ئەوەندە پێکەنیبوو ئاو بە چاویدا، دەهاتە خوارێ، بەلەچکەکەی گۆنا سیسەکانی وشک دەکردەوە و پەیتاپەیتا قولاپەکەیهەڵدەدا نێو گۆمەکەوە و ماسیەکانی راو دەکرد؛ بە گرتنی هەرماسیەک ختۆکەیەکی دەهات و دەتریقاوە.
ـ ئای رۆڵە چەندە بێ گوێی نە بە نەسیحەتی من دەکەی، نە بەلێدانی بابت.
ـ دایە ئەو ماسیانە دەنووکم لێ دەدەن، بە خۆم نیە ختۆکەم دێ!
بۆ ئەوەی کچەکە سەرگەرمی ماسی گرتن بکا، دیسان باسی ئەوشارەی بۆ گێڕاوە کە بە منداڵی دیتبووی:

(ئەو شارە ئێستا بۆتە دەریا، سەر و بنی بۆ نیــە. مــن کاتێــک لــە گەڵباوکم بۆ ئەوەڵ جار کە بردمی لۆیەکی پشتێنەکەی خۆی دا بەدەستمەوە و دەیگــوت ئــەگــەر بێتــوو لــێم بترازێــی مــەحاڵــە تازەبتبینمەوە. شارێکی پڕژو بڵاوو ماڵەکان چــرای دە نمــرەیــان دایساند.تاق و لۆقە کارەبا دەبیندرا، ئەویش لە بەعزە ماڵێک.

بابم دەیگوت ساڵێک ژنێک نەخۆشیەکی سەیری تووش بووئازای بــەدەنی بــرینی پیســی دەرکــرد بــوو. مــەیمــوونێکی پــەڕەوازە لەوشارەدا، سەر و لەشی نەخۆشەکەی بە زمان لستەوە، عەلەمــی لێبڕا،دەڵێن ئێستاش هەر ماوە و زۆر بە کەیفە.)

لە دڵەوە خۆزگەی دەخواست کە ئەویش رۆژێک ئەوشارەببینێ.

بە دەنگی دەفەکــە ماســیەکــان لــە نــاخی گۆمــەشــین تــۆران و هاتنەوەسەر ئاوەکە، لە گەڵ یەکدا: ملیــان نــا لــە پــێش بــڕکێ، ئەویش وەکئەوەی بــە چــەنــد کــەســان ختۆکــەی بــدەن قاقــا پێدەکەنی و قولاپەکەیبۆ دەهاویشــتن و لێــوی بــە ددانــەکــانی دەکرۆشت!

ـ کچەتیوە شەرمێ ناکــەی ئــەوەنــدە دەتریقێیــەوە!؟ دەســتوبرد کە،رۆژ ئاوایە...

ـ کچە هەستی لە بەر نەهات.

دەنگـــی دەفـــەکـــە رەوەی ماســـیەکـــانی خـــڕ کـــردەوە سەریەک،داوموسکەکەی لە دەستیدا پچــڕاو قــولاپ لــە دەمــی ماسی دا بەجێما. بۆ ئەوەی دایکی بۆڵەی لە سەر نەکا، بە پــەلــە

تاڵەرەشەکانیسەرشانی ڕاکێشاو توند بە قولاپەکە گرێی دا. لێوی بە ددانیکرۆشت ماسیەکان بە دەنگی دەفەکە بە دەوری یەکدا پوورەیان دا.دیسان قولاپێک و دووان و سیان... پڕ بە دەشتەکە ماسی ڕاو کرابوو.

دایکی گوڵە زەردەکانی دەچنی  لە پاڵ ماسیەکاندا لەتەرەی دەدا،ئەویش لە کارەکەی خافڵ نەبوو. دیسان ختۆکەیەک و تریقانەوە وقاقایەک و....

ـ شەرتە بە باوکت بە لیدان بدەم! ئەو پێکەنینەت پێ تەرخ کا.

ـ جا بۆ لێم نادەن! کەمم ماسی بۆ ڕاو کردوون!

ـ دەی کەوا دەزانی نان مەخۆ!

دەنگی دەفەکە لەو پەڕی گۆمەشینەوە ماسیەکانی بۆلای خۆیڕاکێشا، بۆنی و ماسیەکان خۆی بە لووتی کچەکەدا دەکرد و لەسیەکانیدا پەنگی دەخواردەوە.

ماسی زەردوو سوور بە سەر گۆمەکەوە خەریکی هات و چۆبوون. هزر و بیریان لە «گای تۆڕنا» ماسیەکی هار و هاج دەنووکی لەبەندی دڵی گرت و ئەویش ختۆکەی هات، بەڵام نە وەک ئەوانیدیکە. پۆلێک ماسی خزانە دەوری شەمامەی دڵی. هەر چەندکەڕەت دنووکیان لە دڵی دەدا، ختۆکەی دەهات لێوی بە ددانیدەکرۆژی. ئیتر دەنگ و ڕەنگی لە گەڵ قاقاکەی گۆڕدرا.

زەردە پــەڕ، بــابی دەشــتە ماســیەکــەی پێچــاوە و دای بــە کۆڵیدا.ئەوانیش بۆ ژوورەکە گەڕانەوە کە چرایەکی نـەفـتی تێـدا دەسووتا،کچەکە چۆڕێک ئاو نەبێ مۆری زەوادی نەکرد.

ـ ماندووی خێرا بنوو! سبەینێ زوو دەست بە کار دەبین.

ـ باشە دایە باشە، ئەگەر دەکرێ تۆزێک سەرم بۆ بشێلە.

ـ بە خەنە پێچەکەی من بیبەستەو راکشێ.

بۆنی ماسی وڕ و کاسی کردبوو، شەپۆلی خەو خۆی وەسەرپێلوی کێشاو ئاوقای قووڵایی گۆمەکەی کرد.

دەنگی دەفەکە خـەوتبـوو. ماسـیەکـان وەک باشـووی پاسـاری دیتوولە گۆشە و کەنارەوە بۆی دابارین. دەنووکیان لە ئازای گیانی گرت.نێو سنگیان کردە داڵـانێکی تاریـک و لـە بـڕان نـەهـاتوو. ماسیگۆمەشین لەوێدا جێی خۆیان کردەوە؛ جـەرگیـان خـوارد وخوێنەکەیان بە سەردا هەڵقوڕاند. دڵیشیان هەڵکەندو کردیانـە تۆپیفوتباڵ، ئەوانیش بە دوو دەستە دابەش بوون؛ دەسـتەیـەک ئەو سەریداڵانی گرت و یەکیش ئەم سەر ئەو شـەوە بـە تـۆپێن رۆژیـان کـردەوە،یـەک ناگـا سـەریـان لـە گێـژەوە هـات و بـە سەرخۆیاندا رشانەوە،گۆمەشین رەنـگ و رووی جـارانی گـۆڕی و سوور هەڵگەڕا.

شنەیبەیان تازەبۆ ژوانی گوڵان دەخزی. دایکی وەخە بەرهـاتو هەستا سـەرپـێ لـەژێـر پـەردەکـەوە سـێرووی چـاوی بـەرێـی باوەشیئاسمان کردو گەڕاوە سەر کچەکە؛ راستی کردەوە، هێشتا

چاوی بەخەوەوە بوو دایکی قولاپەکەی دادەستیبەرەو گۆمە سوور بەریکرد.

ماسیە سوورەکان بە بێ جووڵە بە سەر ئاوەکەوە کراسێکیپووڵەکە چنیان بە باڵای گۆمەکە بریبوو. ئەویش تۆزێک تییان راما،تاڵە زەردەکانی لە سەرشانی داگرت و بە دەمی قولاپەکەوە هەڵیدابۆ نێو ئاوەکە، بە دەنگی دەفەکە پۆلێک ماسی زیندوو هاتنەوە سەرئاوەکە، هەر یەکەی شەمامەی دڵێکیان بە دەنووکەوە بوو!

ماسیەکان لە گۆمەکە سەرکەوتن خۆیان بۆ دەم و چاویهەڵخستەوە دەنووکیان لە گلێنەی دەدا، ئەویش پەنجەی کردەقەلغان و بەر چاوی پێگرت، دایکی هەرای کرد:

ـ دەست ببزێوە.

وەک ئەوەی نەی بیستبێ ماسیە نەخشینەکانی دەگرت و لەدەشتەکەدا لە تەرەی دەدان. دایکی گوڵە سپیەکانی دەچنی، دەنگیدەفەکە مێگەڵی ماسیەکانی لە سەر سینگی گۆمەکە مۆڵ دابوو،ئەویش تاڵە سپیەکانی لە سەر شانی رادەکێشا لە قولابەکەیدەبەست و ماسییەکانی پێ راو دەکرد.

بابی چاوەڕوان بوو ئەوان تەواوی بکەن و دەست کردەکەیانبەرێ بۆ شارە گەورەکە و بیفروشێ.

کچە کە هێشتا قولاپەکەی بە دەستەوە بوو، وردە وردە توواوە و،دڵۆپ دڵۆپ رژایە نێو گۆمەکەوە.

ئەو شەوەی بابی گەیشتە شـارە گـەورەکـە، چـاوی ماسـیەکـان ببوون‌بە گڵۆپی زەردوو سـوور شـارەکـەش لـە دوورەوە بریقـەی دەهات.
دەر و ژووریان بە مافورە رازاندبووە.

۱۳۷۸/۱۲/۹ بوکان

## «بەیان»

خۆشەویستم! بڕوات هەیە تۆ شنەی شەماڵی، مژ و هەوریچیای دەروونم دەڕەوێنی، مانگ و ئەستێرەی شەوانی دنیایخەیاڵمی و هەتاوی دوندی دەمەو بەیانمی.

ماسی چاوی کاوە خۆی بەبەستێنی سەوزی نیگای دادەدا، لەگەڵ شەپۆلی حەز و تاسەدا دەڕژایەوە نێو زەریای خۆشەویستی.

ـ رانک و چۆخەکەتم ئوتوو کێشاون.

ـ سپاس بۆ تۆ بەیان، بە راستی دەرحەق بە من خاوەن چاکەی.

هەر دووکیان سەریان بەرداوە، سەوزەی خۆشەویستی لە ناخیدابە دەم شنەی بەیانەوە کەروێشکەی دەکرد. لە خەیاتخانەکە هاتەدەرێ و بە ویرەویر بەرەو ماڵ وەرێ کەوت :

«یا خوا بە خێر بێی میوانی ئازیز بە رۆژی بەهار بە شەویپاییز»

ـ کاوە ئەم شەو زۆر شاد و بە کەیفی، هەواڵ چییە؟

ـ دایە ئیتر بەسە! رازی نیم چیدی کار بکەی!
بۆ چەند چرکەیەک مات بوو، چـاوی لـە دەسـتە رەقـەڵـەکـانی خۆیبڕی هەناسەیەکی هەڵکێشا:
ـ زۆرت لێ رازیم کوڕە باشەکەم، خوزگە نەدەمردم ژن وماڵیتۆم بە چاو دەبینی.
ـ بەڵێن بدە کار نەکەی لەوەش دڵ خۆشترت دەکەم!
ـ لەوەتا تۆ پێگەیوی دڵخۆشم ئەگەر تۆ ژن بهێنی لە نان کەریو جل شۆری ماڵان واز دەهێنم.
کاوە پۆلی ناوەندی تەواو نەکرد. کە زانی دایکی هەر لەبەیانییەوە تا ئێوارە حەولی نان و بەڕێ چوونیەتی، لەخەیاتخانەیەک کاری پەیدا کرد، دوای چەند سـاڵ لـە گـەڵ بـەیانـداچرۆی حـەزیـان تروو کا.
کاوە سەری بە سەر رۆژنامـە کوردیـەکـەدا گرتبـوو، دایکـی بـە قەدپاڵی خەیاڵیدا شۆڕ بۆوە.
(نازانم ئەم شەو ئەو کابرایە، گەرای چ ژانێک مێشکی دەکۆڵێ،بەم شـەوە درەنگانـە بـۆچی ناخـەوێ بـۆچی هێنـدە ئـەو سـەر لانکەیەهەڵدەداتەوە، بۆ ئەو کوڕە ئەوەندە ماچ دەکا؟ بۆ ئەو تفەی کردەدەمیەوە! هەرچاوی لە سەر کات ژمێرەکەیە، ئەرێ پیاوەکـە تۆ بۆچینانووی...؟ تەماشەیەکی خەماوی لە منـیش کـرد و لـە ماڵ دەرکەوتهەتا دەرگای حەسارێ بە دوویدا رۆیشـتم، ئـەرێ ئەو رۆیشتنە ۲۰ساڵی بە سەردا رابرد بگرە زیاتریش...)

خـەو بـەلای دابردبـوو، کـاوە لێفـەیـەکـی پێـدادا و خۆشـی چووەدیوەکەی خۆی. بەیانی هەینی دایکی خەریـک بـوو رانـک وچۆخەکەی بۆ بشوا.

ـ دایە ئەوانە خاوێنن تازە ئوتوو کراون شۆردنیان ناوێ.

دەستی کرد بە گیرفانی دا پاکەتێکی هێنا دەرێ.

ـ کوڕەکەم چیم لێ دەشاریەوە؟ نابێ بزانم...

بە بزەیەکەوە:

ـ هیچ نیە، هیچ.

ـ دڵخوازەکەتە؟!

وێنەیەکی لە پاکەتەکە دەرهێنا بەرەو رووی دایکی رای گرت.

ـ ئەگەر پەسندی بکەی!...

دەستە تـەڕەکـانی بـە چمکـی کراسـە گـوڵ وردەکـەی وشـک کردەوە،وێنەکەی لێ وەرگرت پێداروانی، سەرنجێکی کـاوەی دا، دیسان لێیورد بۆوە و مات بوو!

ـ دایە چیە بۆ مات و بێدەنگی؟ بۆ شتێک ناڵێی.

ـ متەقی لە خۆی بڕیبوو

لە چاوەکانی روانی، دوور و نزیکی کردەوە ماچی کرد و بۆکاوەی راداشت.

ـ دایە، ئەگەر پەسندی ناکەی وازی لێ دەێنم.

ـ با لە نزیکەوە بیبنم بیدوێنم، بزانم کێیە.

کاوەی لە گەڵ خۆی بردو چوونەماڵیان.
وێنـــەی ســـەر تاقـــەکـــە نیگـــای دایکـــی کـــاوەی رفانـــد، چاوەرەشەکانی،قەلافەتی.
ـ وێنەی کێیە؟
ـ بابی بەیانە، هێشتا ساوابوو!...
ـ خودا دەزانێ، ماوە، نەماوە!...
بە کلاو رۆژنەی بیرەوەریدا چووە خوارێ.
(شەوێکی لەنگێزە و باران بوو، گژەبا، سەر و پرچـی دار ودەوەنی دەرپینەوە، بە سەر لانکـەی بـەیانـدا وەنـەوزم دەدا،جارناجاریـک هەورە تریشقە دای دەچڵەکاندم، ئەوشەوە پەپوولەیخەو لە سەر پێلووی چاوی ئارامی نەگرت، گۆرەوی و پووزەوانەیلـە پێکـرد و خۆی داپێچا، بۆ چرکەیەک بە سەر بێشکەکەدانووشتاوە، بەیـانی ماچ کرد و بە ئاسپایی لە ژوورەکە دەرکەوتدرگای حەسارەکەی پێوەدا، هێشتا گوێم لـە ترپـەی پێـی بـوو کۆڵـانەکـەقـووتی دا. شەوێکی تاریک و نووتەک بوو، دەتگوت دنیا بە قیـلداپۆشـراوە، نازانم چۆن چاوی کەندو قووڵکەی رێگـای دەبـینی وهـەنگـاوی دەنا.
خێوی ترس و دڵەراوکێ خێـوەتی هـەڵـدا، ئـەوشـەوە نزیکـەی ١٨ساڵی بە سەردا رابرد، هەنووکەش هەر چاوەڕوانم.)
بەیان هـەر بـەو لیوانـەی ئـاوی دا بـە کـاوە، لیوانێکیشـی ئـاودا بەدایکی، کە ئاوەکەی خواردەوە گوتی:

ـ بۆنی هاڵاوی دەمی شووووەکەم لەم ئاوخۆریە دێ!
لە دەستی کەوتە خوارێ و شکا.

١٣٧٧/١١/٨

«تینوو»

بیست و چەند ساڵێک دەبێ شارەکەی خۆمانم نەدیوە، رەنگبێئەوەندەی دیکە باغەکانی دەور و بەری جوانتر و خۆشتر بوو بێ،تازە تاو هەڵاتووە، لە پازدە کیلۆمیتری شار دام، شار گەورە بۆتەوە وبە شانی جادەکەدا هاتۆتە خوارێ ئەم بەروو ئەو بەری کارخانەیە،سەنعەتە، شووشەسازی، ماشین‌سازی، پارچەچنین، کەل و پەل‌دروست کردن، کەوش، لوولە....

فەزای سەر شارەکەش لە بەر دوو کەڵی ئەو گشتە کارخانەیەپانایی ئاسمانی داگرتووە. سێبەرێکی چڵکن بە سەرشاردا زاڵە،دەوری ماشینەکەم شل کردۆتەوە روو دەکەمە گەرووی‌شەقامەکۆنەکەی هەزار ساڵ لەوە پێشی شار، ئانیشکم لە سەرشوشە نیوەدا دراوەکەی پاترۆڵەکەم داناوە، پەپوولەی چاوم بەرەوئەو دووکان و بازاڕە تریفەدارە دەفڕێ. شار زۆر تەرەقی کردووە.خەڵکی دەوڵەمەندن، ئەوانەی لە پشت میزی مغازەکانن

بسکەی‌سمێڵیان دێ زێرین‌گەر، کوتاڵـفرۆش، هـەمـوو دووکـان دارەکان،قـەڵـا و باڵـەخانـەی کـۆن کریـت و بـەردی مـەڕمـەڕ، چوارڕێکان، راستەبازاڕ، مەیدان، تابلۆی رەنگاو رەنگ پـەپوولـەی چاوم دەدزن،دەزرووقێنەوە، قیافە بە سەر خیابانـەکـەوە دەگـرن، نەخۆشخانەی‌تایبەتی دوکتور کەواشین، دوکتور کەواسوور، کـەوا زەرد...دوکتورەکانی ئەو شەقامە هەزار ساڵەیە خەریکـە بگـەنـە هەزار کەس.

شـار پـێش کـەوتـووە، ئامـڕازی ئـیش کـردن زۆرە، هـەژار و بێکارنابینی، کارکردن هاسان بۆتەوە چۆرکەو بەن گرێـدان بـاوی نەماوە،لە دووکانی خوێ فرۆشەوە بگرە تا دەگاتە کارخانەکـانیش رایانە وکامپتێرە، شتی کۆن باوی نەمـاوە، دەنووسـێ، دەژمێـرێ، خەلکێش‌هەر کەسەو ماشێنی خۆی لە ژێر پێ دایە...

پارکینگی بـەتـاڵ دەبینمـەوە، ماشـێنەکـەم پـارک دەکـەم روو دەکەمەنەخۆشخانەی دوکتوور کەواشـین دەچمـە ژوورێ، خـانم مونشی‌قرچە پێ لە بەرم هەڵدەستێ، خوشکەزای دوکتورە!

دەڵێ: لەوە پێش نۆرەت گرتبوو، تەلەفوونت کرد بوو؟

دەڵێم: نا! خانم دەمهەوێ چاوم بە دوکتور بکەوێ.

دەڵێ: ئەگەر دوکتور چاوی بە ئێـوە بکـەوێ حـەقـی «ویزیـت» سێهەزار تمەنە.

بە بێ پـووڵ ریم نـادا بچمـە ژووری، ناچـار رازی دەبم. دوکتـور لەپشت چاویلکەکەوە بـۆم دەڕوانـێ، بـاوەڕ ناکـەم بمناسـێتەوە، بەگەرمی وەرم دەگرێ! و دەست پێ دەکا.

ـ لە کەیەوە ئاوای، کوێت زۆر ژان دەکا، خەوت چۆنە؟

بێ ئەوەی لە سەر وەڵام راوەستێ «نوسخە» کە دەنووسێ ومۆری دەکا و دەڵێ:

ـ ئەو دەرمانانە بخۆ چاک دەبی!

بانگ لە مونشی دەکا: نەخوشی دیکە با بێ.

دوکتور لـە بـیری بردمـەوە بـۆچی چـووم بـۆلای. لـەوێ دێمـە دەرێ،بە پیادە رێیەکەدا رادەبرم سەرنجی تابلۆکان دەدەمەوە، کە وا زەرد،خەریکە تابلـۆی خـۆی لـە تابلـۆی کـەواشـین بـەرزتـر دەکاتەوە،کەواسوور جەڕوسەقیلـی هێنـاوە دەیهـەوێ تابلـۆکەی وەژوور ئەوانی‌دیکە بخا.

زێڕفرۆشـــەکـــان «ویتـــرین»ی شووشـــەی نـــەشـــکێنیان سازکردووە،گەزێک لە دووکانەکانەوە هاتوونـە دەرێ و چوونـەتـە کۆڵی‌پیادەرەوەکان. کووتاڵ فرۆشـەکـانیش هـەروا، بازنـە و مـل بەندی سەیرو سەمەرە بە شووشەی دوکانەکاندا کـراون «دەڵـێی کەلەبچە و کۆت وزنجیرن» تێناگەم یان من چاوم بـاش نابینـێ یان ئەو زێڕ و زیوانەتـازە مـۆدن، دووکـانی کووتـاڵ فرۆشـەکـان پارچەکان هەڵماتی چاودەڕفێنن، وەک تۆڕی ماسی گرتن دەچن

بڵێی شێوەی بینینمنەگۆڕدرابێ، یان ئەوان کەرەستەی راون دێو جامەن!؟
هەست بە قورساییەکی گران دەکەم دەڵێی کێوێک لە سەر شانمەبە قەت ناڵەشکێنە، ئەو ناڵەشکێنەی کە تا ئیستا لە تای هیچتەرازوویەکدا لە کێشان نەهاتووە و بە هیچ نرخێک مەزەندە نەکراوەو ناشکرێ!
کوڕە پووری زێڕفروش کاغەزێک بە نووسراوێکی رازاوەوە بەشووشەی دووکانەکەوە دەدا، ئەمەی ئێدا نووسراوە:
٥٠ کەسمان دەوێ بۆ کار لە کارخانەکان دا، ئێوارانیش دەتوانن‌بچنەوە نێو ماڵ و حاڵیان.
شەوی هاوینێکی گەرمە، شار، ویزەی مێشوولەی لێوە نایە،شۆقی چراخانەکەی ئەو کارخانەجاتە لێی گێڕاونەتەوە، رەنگبێلەوێ گیزەیان بێ.
سەیرانی دەر و دەشت خۆشە، خەریکە خەفە دەبم هەناسەمسوار دەبێ و خەفەت دەم خواتەوە! رووەدەکەمە کەناری شار، لە بەردرگای باغەکان ئەو نووسراوانە دەخوێنمەوە باغی دوکتور کەوارەش باغی قالە تەڵا فرۆش باغی... باغی...
دەگەمە بەر درگاری کارخانەکان، لوولەسازی حەمەیزێڕین‌گەر، کارخانە قەندی مینەی بەزاز، ماشین‌سازی دوکتور کەوابۆر....
ئەو رۆژە زۆر بە شاردا گەڕام شوێنە کۆنەکان، شارەکی تازەسەنعەتی، زۆر جێگا، لام وایە ئەم شەو خەوم خۆش بێ.

بەیانی بە دەنگی ورکەنان فرۆش و سەوزی فرۆش وەخەبـەردێم، بـەهـەڵـاتن خـۆم دەگـەیـەنمـە بـازاڕەکـە، هـەر کـەسـە و بــەلای‌فــەرغوونێــک وردە شــتەوە بــوون بــە داهــۆڵ دەوری مەیدانەکەش‌دەڵێی خەڵکی لێ شین بووە، تەسبێحی درێژیان بە دەستەوەیە لەم‌سەر دەی ژمێرن بۆ ئەو سەر، لەو سەریش بۆ ئەم سەر.

لە پڕ فەرغوون بە دەستەکان دەست دەکەن بە هەڵاتن!

ئەوە زەلامەکەی شارەدارییە رەپێیان دەنێ!

۱۳۷۹/۲/۹ ـ بوکان

## «ترووسکەیەک، لە تاریکی‌دا»

ئەرێ بڵێی ئەویش هەر بە قەت من عومری کردبێ؟
ـ نا ئەو، دارەرایە هی ئەو دەورە نیـە! ئـەو دیـوارە بـەردەش زۆر لەمێژە باوەشیان بە یەکدا کردووە، چارداخێکی کۆن و دڵگیرە.
نازانم ئەوە دەنگی کێ بوو؟
٢٠ سـاڵ لـەوە پـێش بـوو لـە داوێـنی کـەوتمـە خـوارێ، بەستەزمانەسەوادی نیە، دەڵێ ٢٠ چووزانی ٢٠٠ نەبێ، لەوەتەی دێتە بیرم ئەوهەر دەڵێ!
ـ رۆڵە ٢٠ ساڵ لە وەی پێش بوو هەر لەو کۆخـەدا، ئـەرێ هـەر ئەوکۆخە بوو.
نـەنکیشـم ئـەوەی بـۆ دەگێڕامـەوە، بـاپیرم، نـەنـک و بـاپیری ئەوانیش‌هەموویان وایان گوتبوو.
سەیرە یانی ئەو ٢٠ ساڵە، جووڵەی نەکردووە؟ ئاخۆم بە چزنجیر و گوریسێک شەتەک درابـێ! بـە چیـەوە؟ بـە کۆڵـی زەمانـەوە،

بەپشتی زەوینەوە یان بە کێـوێکی لـووت بـەرزەوە، ڕەنگبـێ بـە کۆڵی کیسەڵێکی دنیا دیدەوە.
خۆ ئەوانیش لـە گـەڕان و سـووڕان دان ٢٠ ساڵـم تـەمـەن بـوو سەرمبۆز بوو، ڕاست لە سەر تەپڵی سەرمەوە دەسـتی پـێ کـرد. ئێستاش‌دەنک دەنک ڕەشایی تێدا ماوە.
بە قەت تووکی سەرم عومر کردووە، کەوابێ ئەلحان چی،ئێستاش کە ئێستایە دایکم بۆی ڕاست نەکردمـەوە هـەر دەڵـی: ڕۆڵـە٢٠ ساڵ لەوە پێش، تۆ لەو چارداخەدا، لە دایک بووی. بۆ خۆی‌باپیرم عێل و عاشیرەتم، زیندەو مردەمان لەو کۆخەدا لـە دایـک‌بـوون، دایکم هەمووی وە بیر دێ دەڵێ:
ـ چارداخێکی دڵگرە کەسمان حەز ناکا، بە جێی بهێڵێ!
ڕاست دەکا، وەختێ دادەنیشێ، پێـی خۆشـە پـاڵ بـەو پێڕکـەوە بدا،ئەویش دایکی بۆی هەڵبەستووە، سەربانی چارداخەکەش لـە چوارلاوە پلووسکی تێگیراوە، بە چـوار لادا ئـاوی بارانـە هـەڵـدە دێرێ،شتێکی سەیری بۆ گێڕامەوە.
]جارێک باپیرم دەچێ بۆ بەحری خوێ، بەڵکە بارێک خوێبێنـێ، وەشوێن پێـی ئـاوە چـۆڕەی پلووسـکەکـان دەکـەوێ، کـەچـی کەدەگاتە سەر بەحرێ، لاوێچێک خوێ لە گـەڵ خـۆی ناهێنـێ وەدەگەڕێتەوە، نە ئەوەی وەدەستی نەکەوتبێ، پێی نادەن![
جا ئەتۆش کەیفی خۆتە چۆنی بۆ دەچی بچۆ.
ئەوە پەپووولەکەش هاتەوە ژوورێ، دایکم دەڵێ:

ـ سێحر دەکا، شەوانە بە دەوری چرا گەرچەکە کەدا، دوایە لامپـا وئێستاش گڵۆپەکانەوە دەخولێتەوە، هەرکە ماندوو بوو دادەبـەزێ لەسەر رفحەکەی بـەرامبـەرمـان دەنیشـێتەوە و بـە سـەرهـاتی ئەوچارداخەمان بۆ دەگێڕێتەوە.

چەند جار براکانم هرووژمیان کردە سەر، بە تیر و کەوان بەگۆپاڵ و دوایەش برنەویان پێوەنا، چەند جارێکیش دیوەکەیـانقانـگدا، بۆیان قڕنەکرا، پەپوولەکە، ئێستاش کە ئێستایە ئـەو کۆخـەیبـە جێ نەهێشت.

لـــە دەلاقـــەی ژوورەکـــەوە نیگـــای چـــاوەکـــانی رەوانـــەی باوەشیدارستانکە دەکا و هەر لەو کاتەدا بیر لـەو دار بـەڕووانـە دەکاتەوە کەوازریان و رەشەبا دایان دەپاچن.

دەڵــێ: «زەمـانی تـەیـارە رەشـەکـە» بـوو، رووی کـردە ئـەو چارداخە،جاری واش هەیە دەڵێ لـەو رۆژەوە، کـە زەوی بـوو بـە برابەشیباپیرمان، یان دەڵێ: ئەو رۆژەی لە دایک بووی.

دەنـا دەڵــێ: هێشـتا ئـەو چارداخـەمـان دروسـت نـەکردبـوو، یاندەڵێ... دەڵێ... د... ئەو هەر لێرە بوو.

ئەوانە فەرمایشتی دایکم بوون.

بـەڵـام تـەمـای شـتێک لـە سـەرم دایـە، دەڵـێی لـە چـاوی پەپوولەکەداتووامەتەوە، لە زەنگیانەی چاوەکانیدا شتێک دەبینم، کاتێک دێمەسەر خوێندنـەوەی کتێبـەکـان، دێتـەلام دەنێشـێ

کاتێک لە خوێندەوەی کتێبان دەبمەوە و باڵــیان پێکــەوە دەنــێم، ئەو باڵ دەکاتەوە و دەڵێ:

ـــ لــە دەســتت دێ! دەزانم، لــە دەســتت دێ! دەنگــەکــان وەدۆزە،دەنگی ئەوانــەی لــەو کۆخــە دا بــوون و چــوون. دەنگــی ئەوانەی دێن وبەڕێوەن.

پێمخۆشە بزانم ئەوان چۆن لەو چارداخەدا ژیاون، چیان گوتــووە، چییان ویستووە بڵێی ئەوانیش بڵێن هەر ٢٠ ساڵ لەوە پێشبــوو لەم چارداخەدا لە دایک بووم؟!

ئاوێنــە چکۆلــەکــە لــە گیرفــانم دەردەهێــنم و ســەیــری خــۆم دەکەمتێناگەم پەپوولەکە منە یان من پەپوولەکەم!

١٣٧٨/١٠/٢

ئەوەڵیش گوتم: دایە بە باوکم بڵێ زارام ناوێ، خـۆ بـێ بـەڵـابێ بەقسەی نەکردم دەتگوت ژن بۆ خۆی دێنێ، نارۆڵە تۆ نازانی، زارا لەکەژاڵ باشترە، توندوو تۆڵە، کابانترە.

ئاخ کـەژاڵ، ئـەو رۆژەی لـە گـەڵ زارا بووینـە هـاوژین...، بریـا بەقسەی بابم نەکردبا... لە بانیرا خۆم هەڵداشتبا، نا ئەو حەلـەی ئەوشتانە هـەر نـەبـوون، یـان بـوون و مـن نـەم دەزانی، مـرۆی ئێستەکێ زۆرزانن، هیوا براو بون خۆ دەکووژن، ناخۆکوشـتن لـە پیاوانناوەشێتەوە، خۆ من لە پێشدا هیوا براونـەبـووم، زووتـر ژنم هێنا، خۆئەو دوو ساڵ دوای زەماوەندی من مێردی کرد. خۆ تازە ئەوگۆرانیەش هیچ فایدەی نییە.

گەرچی دووری لێم بە دڵ لەلاتمدایکی حەوت کوڕ بی هـەر بـە تەماتم

ئای داخی گرانم، دوایە چی، خۆ کۆستم کەوت. چززززز...

سـەلاموعـەلـەیکـم! مـەولان، مـەولان ئـەوە لـە کـوێی؟ سەماوەرەکەتئاوی لێ بڕاوە چزەی دێ! ئا ئا – عەلەیکە سـەلام، مام رەشید، چاکبوو هاتی بە خوڵای چۆڕێکی ئاو لە بنیدا ماوە، یا رەبی خێرتوەڕێ بێ، خەریک بوو ئەم جارەش بسووتێ.

چیە بابم؟ دەڵێی ماڵت بە تاڵان چووە، زەوی و زارت وەبەرلافاوێ کەوتووە، بۆ خۆت دەخۆیەوە؟ تێر و پڕی لە چیت کەمە؟ئەوندەی دێمە ئەو چایخانەیە تۆ بیرت رۆیوە. هێشتا ورامی مـامرەشـیدی نەدابۆوە، دوو رێبوار وەژوور کەوتن، مەولان لە چایدانـەشـینەکـە دوو چایی پڕ رەنگی بۆ تێکردن و لە پێشی دانان؛ یەکیانگـوتی: نان و ماستێکمان بۆ بێنە.

مەولان سەرقاڵی نان دانان بوو، مام رەشید هەستا و رۆیی،بـانگی کرد: بۆ چایەکت نەخوارد؟

– بۆجارێکی دی.

ئەمەی گوت و لە پێچی کۆڵانەکەدا ون بوو. هەڵاڵە و عەوڵا وەژور کەوتن، سڵاویان کرد، خوین شیرین و رەزا سـووک، هـەڵاڵـەدوو ساڵ لە عەوڵا بـە تـەمـەنتـر بـوو، عـەوڵـا شـەش ساڵـان بـوو، هەڵاڵەزەمبیلـەیـەکـی بـە دەسـتەوە گرتبـوو، مـەولان سڵـاوی سەندنەوە وماچی کردن و دەستی بە سەر دا هێنان.

دوو پیاوەکـە داوای چایـان کـردەوە، مـەولان زەمبیلـەکـەی لـە دەستهەڵاڵە وەرگرت، هێلکـەی تێـدا بـوو، کـردی بـە بزمـاری کۆڵەکەکەدا،هەڵاڵە پیالـەی ماسـتەکـانی شـۆرد. مـەولان ئـەو

گەڕەشی بۆ تێکردن،هەڵاله وتی: بابه کارت پێمان نییه دەڕۆین.
مەولان به پێکەنینەوەوتی: به خێر چن.
دەستی یەکیـان گـرت و چوونـه دەرێ، هـەتـا لـه چـاو نـەدیـو بوون،مەولان له درگاوه بۆی روانین، پیاوەکان هەستان و یەکیان چووه بەرسەکۆی سەماوەرەکە، پووڵی نان و چایەکەی بۆ مەولان راگرت، ئەوهەر چاوی له دوویان بوو، کابرا گـوتی: «کاکـه دیـاره زۆرت خۆشدەوێن؟ هەموو هەروان عەولاد خۆشەویستە، منیش ماوەیەکەمنداڵەکانم نەدیوه، کچه چکۆلەکەم دەیگوت: بابه هـەر وەختهاتیەوه نوقڵی ترش و شیرینم بۆ بێنه».
مـەولان هـەناسـەیـەکـی سـاردی هـەڵکێشـا و پووڵـەکـەی وەرگرت،پیاوەکان رۆیشتن. له سەر کورسیەکەی دانیشت، برێک سەری هەڵکراند ]رووحی کەوته شوێن دوو پیاوه کە، له درگـای ماڵیان دا،ژنەکه درگای کردەوه چاوی به مێردەکەی کـەوت، لـه خۆشیاننەیدەزانی به خێریان بێنێ یان بانـگ لـه منداڵـان بکـا، هـەرای کـرد:سـواره، شـیلان، کـەژاڵ وەرن باوکتـان هاتـەوه، پرێسکەکەی له دەستیهێوەرەکەی وەرگرت و شانی ماچ کرد.[
منداڵەکان وەک زەردەواله وروژان، خۆیـان لـه  بـاوەشـی بـاب ومامیان هاویشت کەژاڵ بچـووکتـر بـوو، دەمـی خونچـه کـرد: بابەنوقڵت بۆ هێناوم، نوقڵی شیرین. مەولان بـه دەنگـی کـەژاڵ شیرنایی‌له هەناوی گەڕا، وەک بڵێی قەتی منداڵ نەدیـوه چـاوی لێنەدەترووکاند.

کەژاڵ وتی: بابە سبەینێ داواتە، شاییە.
بابی نوقڵەکانی لە گیرفـان هێنـا دەرێ و دای بـە منداڵـەکـان.
گوتی:ئێمەش دەچین بۆ شایی.
شـــایەکـــە لـــەبـــەر ماڵـــان گیرابـــوو، کـــەژاڵ و ئـــەحمـــەد لـــە سەرچۆپیدابـوون، کـەژاڵ باڵـای بـەرز سـوور و سـپی، قژکـاڵ، ئەحمەدیش‌قوڵەبنە، بۆرە پیاو، «گوتی ئەگەر خـۆدیی نـەبـا ئـەم شاییەم‌دەکردەشین، دەم کوشت، نەم دەهێشت بچێتـە پـەردەی زاوایی»تەکانی لەخۆیدا سەری لەدیوارەکە راکێشا، ئای‌ش...[
بابە، بابە؟ دایکـم نـاردوومی بـۆلات ئـەم شـەولـەگـەڵ تـۆدەبم، بابە،بابە؟
مـەولان وەخۆهاتـەوە دەسـتە بچووکـەکـانی عـەولـا، ختۆکـەی دەدا،نێوچاوانی ماچ کرد و گوتی: «ئەگـەر مشـتـەریمـان نـەبـوو، زوودەڕۆینەوە، نەخۆشم سەرم دێشێ» عەولا بە کوتە پـەڕۆیـەک دەستی‌کرد بـە سـڕینی میـزی نـان خواردنـە کـان، باشـی پـێ هەڵنەدەگەیی،شێویان کـرد، مـەولان دوو سـێ پـارووی خـوارد، مشتەری نەهات‌سەماوەرەکەی کوژاندەوە، بای چراتۆڕەکەی شـل کردەوە، درگای‌داخست و بەرەو ماڵ بوونەوە.
مەولان بە بێوازی وەلای سەرێ کەوت، پاڵی وەدەستەنوێنەکەدا، خەریک بوو سۆرانیەکانی لەقۆڵی دەکردەوە، هەڵاڵەتازەنوسـتبوو، زارا چارشێو نوێنێکی پێدادابوو، لاقەکانی‌بەدەرەوەبوو، بڕێکی پێدا روانی، سپی و خرپن، قەڵەو و توند.

هــەر لــە پــاو پــووزی کــەژاڵ دەچــوو. دەســتی درێــژ کــرد جاجمەکەی‌داکیشا، لاقەکانی بـۆدا پۆشـی، هـەڵاڵـە خـۆی خڕ کردەوە، خۆی‌گرمۆڵە کرد، زارا دەوریەکی توو شیرین بۆدانان سێ بە سێ دەوریان‌دا، عەولا بە دەســتێکی لـەزاری دەکـرد و بـەوی دیکەی دەی کردەگیرفـانی، مـەولان دوودەنکـی نـابووە دەمـی، هەرملچەی دەهات زارابە کارەکەی عەولا پێدەکەنی، مەولان کشا دواوە.

ـ بۆ ناخۆی؟

ـ ناخۆم، دەنووم شەکەتم.

ـ بۆچی بۆ سەفەرێکمان نابەی، منداڵەکانیش پێیان خۆشە».

ـ سەفەری کۆی؟

ـ چوزانم شاری، هەوار، سەر شەخس و پیران.

مەولان پێچ و کڵاوەکەی لەسەری داگرت و لەولاوە فڕێیدا:

ـ «ئەو ساڵ سەفەر ناکەم پێم ناکرێ»

زارا هەستاو جێگای پێداداو خەوتن.

هەڵاڵە بە خۆیدا هاتووە کیژۆڵەیەکی لەبار و لەبەر دڵانە، باڵابەرز، ڕەزا سووک، حەێدە ساڵ بەسەر ئەو رووداوە تاڵە دا تێدەپـەڕێ! مەولان چرۆی هیوای پووکاوەتەوە، جارجار هـەردەڵـێی‌بـەسـەر دنیاوە نیە، زۆر جاریش بە هەڵاڵەوە رووناکی لەدەروونی‌دەخزێ. زارا هێنــدە خــۆی لــەکاروبــاری نــاو مــاڵ ناگــەیــەنــێ، مــاڵ

دەڵێی‌دەستەی گوڵە، ماڵ بە کچەوە جوانە، عەولا تازە سەر لێوی بۆرکردووە، کارەکانی چایخانە هەر ئەو دەیکات، مەولان تەنیا کاری‌پووڵ وەرگرتنە.

مام رەشید، هەلالەی بۆ زوراری برازای هەڵێناوە، بە گوێی‌مەولانیدا چرپاندووە بە زاراشی گوت بوو، هەلالەش بەو حەیس وبەیسەی زانیبوو، پێ خۆش بوو بچێتە شار، زورار مامۆستای‌قوتابخانەیە، هەلالە وەک جاران، ناچێتە چایخانە شەرم دەکا رێگارووێنی کەژاڵ هەر لە ئەو دەوەشێتەوە، هەلالە لە چاوی خەیاڵی‌مەولاندا بە تالایی کەژاڵی پڕکردۆتەوە، خۆشەویستی کەژاڵ لەچاوی ئەودا دەبینێ.

ساڵێکە پشێونی پەیدا بووە کەس خەتی کەس ناخوێنێتەوە،ئەویش لەو دێیە سەرە رێگایە، گالۆک و کێرد و بزمار وەلای سەرێکەوتوون، مەولانیش تا پڕیکی کڕیوە لە نێو ماڵەکەدا بە دیواری‌داکردووە، زارا بەو کارە ناقایلە.

شەوگاری هاوینێکی گەرم و کورتە مام رەشید و زورار، وەژوورکەوتون، بۆ خوازبێنی هەلالە هاتوون، زارا پێی‌خوشە هەلالە بچێتەشار، پێشێ خۆش نیە لێی دوور بکەوێتەوە، بەڵام بۆ شاری پێخۆشە. هەلالە لە شەرمان روومەتی سوور هەڵگەڕاوە لە نێوماڵەکەدا، رۆنیشتووە، بسکەکانی بە سەر هەنیەیدا شۆڕ بۆتەوەرووومەتی دەڵێی هەتاوە پۆپەشمینی هەوران دەوریان تەنیوە.

مـــام ڕەشـــید و مـــەولان ئـــەوەی دەیڵـــێن دەیجوونـــەوە، زورار سەریداخستوە هیچ ناڵێ زارا گوێی داوەتە قسـەکـان، هـەڵاڵـە زەینی داوەتەسـێبەرەکـەی خـۆی لـە بـەر شـۆقی لامپاکـە بـە دیوارەکەدا هەڵچووە ]لەگەڵ زورار لە هۆدەیەکی سپی کاریـدان، هۆدەکە ئەوەندە بەرین نیەبە دووبەڕە و لاکێشێک پڕبۆتـەوە، لـە لای سەرووی دیوەکە،کۆمەڵێک کتێب هەڵچنراون زورار خەریکی خوێندنەوەی،گوێارێکە وێنەیەکی جوانی تێدایە، ژن و پیاوێک لە پەنجێرەیخانوویەکـەوە سـەریـان دەرهێنـاوە، لـە حـەوزەکـەی حەساری دەڕوانن‌ماسـی تێدایـە، ماسـی زەرد و سـوور، ژنـەکـە پێکەنیوە. ئەڵبوومەکەیبەردەستی لێک کردەوە، لـە وێنـەکـانی روانی، زەماوەند، زورارسەرچـۆپی گرتـووە، دەسـرۆکەی سـەوز و سووری بە دەستەوەیە،لەوی دیکەدا، مەولان قۆڵی گرتووە و مـام ڕەشید ئەو باسکیدیکەی، بە ئاستەم پێی بەرز کردۆتەوە، لـەوی تردا زورار چەپکەگوڵی بۆڕاداشتووە، لەوی دیان عەوڵا «بای بای» کردووە زاراشبۆی پاڕاوەتەوە.
هەودای خەیاڵی قرتا[ مام ڕەشید و زورار بە توندی وەدەرکەوتن، زورار خودا حافیزی کرد، هەڵاڵە بە چاو، وەڵامی داوە، زاراگـوتی: «پیـــاوەکـــە نـــەدەبـــوو جـــوابی بکـــەی، لـــەو باشـــتری نـــادەی، دڵتهێشاند». مەولان نێو چاوانی دەتگـوت تاڵـاوە، هێڵـی لار و گێڕی پێداهاتووە: «جاری ئەوساڵیش بە مێردی نادەم». ئەمەی گوت و ڕۆییلە جێیە خزا، خەوی لێ زڕابوو، ئەو دیوو ئەم دیـوی

کرد، عومری‌شەو زۆری بە بەرەوە نەماوە، خەو لە سەر بیلبیلـەی چاوی خێوەتی‌چەقاندوە ]هەڵاڵە دەست و پـەنجـەی لـە خـەنـە گرتووە پرچەرەشەکەی وەک رەش مار بە سەر شان و ملّی سـپی و گوشتنی‌دا شـۆڕبۆتەوە، تـارای سـوور هێنـدەی دیکـە جـوانی کردووە، بزەیەک‌خونچەی لێوی دەترووکێنـێ جارجـارەش وەک بارانــەی بــەهاریفرمێســک بــە چاویـدا دێتــە خـوارێ، دەسـتە خوشکەکانی لێی تۆراون‌یەک‌دوویەک نەبێ، کـەچـی ئـەوانـیش لچی لێ هەڵدەقرچێنن.

مەولان چۆپی دەکێشێ، هەڵپەڕکێ ئەوسەری دیار نیـە، عـەوڵـا لـەنێـو بازنـەی شـاییەکـەدا چـەپڵـە لێـدەدا، زوڕنـاژەن‌بـینی خواردۆتەوە،دەهۆڵکوت ئاگـای لـە خـۆ بـڕاوە، مـەولان بسـکەی سمێڵی دێ، رەش‌دەکاتەوە لەوە دەچێ بۆ یـاغی کردبـێ، رۆژان سمێڵی دەنک دەنک‌رەشی تێدا بوو، دەسـتی هـەڵاڵـەی پـر بـە دەست گرتبوو سەرچۆپی بەکەس نـەدەدا، جارجـاریش گـۆرانی دەچڕی، لە مێژە نەی‌گوتوە لەدووای مێرد کردنی کەژاڵ، نـا لـەو دەمەوە، ئەو کارەساتە روویدا.

باوەڕ ناکا ئـەوە کـەژاڵـە بـۆ خۆیـەتی شـایی بـەربـووە چـەپڵـە لێدرا،مەبارەک بێ ئەوە دەنگ و هەرای خەڵکە کـەبـوو، دەسـتی گرت وبردیە دیوی بووک و زاوایی، بۆنی بە ئەگریجەیەوە دەکرد، دەمی‌نابووە ناو دەمی دەستی لە بەرۆکی دەگێڕا، کەژاڵ بوو تین و

گەرمایئەو بوو، بە مرادی دڵی خۆی گەیبوو لـە سـەر بـاوەشـی خرپ خەویلێکەوت.[

دەسـتێک لـە خـەوی هـەسـتاند، چـاوی کـردەوە زارا بـوو، ئازایئەندامی لە ئارەقەی خۆشیدا خووسابوو، چاوێکی لە بـەژن و باڵایکردو هەستا، تفێکی لە بەختی کرد، رووی کردە چایخانەکە عەوڵاسەماوەری دەکوڵی درگا و بانی ئاو پرژێن دەکرد، سڵاوی لە مەولانکرد.

ـ «بچـۆوە نـان بێنـە لـە بـیرم چـووە» عـەوڵـا خـۆی نـەگـرت چووەوەماڵێ و، داوای نانی لە زارا کرد. تا پرەکە نیگای عەوڵـای دزی، لەدیوارەکەی کردەوە لێشی دەترسا، لە تەقـەکـەی: «ئـای چەندم حەزلییە بیتەقێنم». زارا لە سەر سـوێنەی نانـەکـە بـوو، رووی تێکرد: «دایەبت کوژم، ئەرێ بتکوژم؟!»

زارا قرچە پێ راست بۆوە، چاوی لێزەق بوو: «نەکەی رۆڵەنەکەی تفەنگ بۆ سوحبەت کردن نابێ، رووی بکە ئەو لاوە».

تف لە زاریدا وشک بوو عەوڵا قامکی پێدانا، تەق ق....

هەڵاڵە لە حەوشـە بـوو، زریکانـدی، عـەوڵـا تاپـری لـە دەسـت کەوتەخۆارێ، بوو بـە شـین و قورپێـوان هـەڵاڵـە خـۆی دەرنی، عەوڵاباوەشی پیدا کردبوو، پریشکەی خوێن نانەکانی سوور کـرد، زاراگوتی: «رۆڵە کورەکەم ئەوە وەڵامی چاکە بـوو پێـت دامـەوە، کەژاڵتۆی بە من سپارد، ئێوەی بە من سپارد، دڵم بە ئێوە خۆش بوو».

چاوی به مۆلەق وەستا، خۆی لە سـەر بـیرەکـە دییـەوە سـەری بـەسـەردا گرتبـوو: «کـەژاڵ خـۆ تـازە ئـەحمـەد خنکـا تۆبـۆ خۆتتێهاویشت، ئەو دوو چۆلەکەت بۆ بە جێ هێشت بۆ من؟ بـۆ من؟»

سارد بۆوە، هەڵاڵە روومەتی خۆی لـە خـوێن هێنـا، مـەولان بـە دەمتەقەکەوە خۆی گەیاندەوە ماڵێ، بـۆ مـاوەیـەک عـەبـەسـرا، پشووی‌هاتەوە بەر خۆی، دەستی برد و چاوەکانی زارای لێک نـا، لە نێوان‌گریان و پێکەنیندا وڕمابوو! عەولا قەڵەمی دەست و پێـی شکا،هەڵاڵە، بۆ هەمیشە لەچکەی رەشی بە سەردادا، ئیتر لەوە بە دواوە،هەڵاڵە نەیدەزانی بە مەولان بڵی بابە یان پیاوەکە!

١٣٧٧/٣/٢٠

## «ماڵ»

پاڵـم بـە دیـواری دیـوەکـەمـەوە داوە، سـەگـەکـەم لـە بـەر درگـای‌حـەسـارێ کـەوتـووە، کـەڵـەشـیرەکـەش لـە کولانـەی مریشکەکاندایە،پشیلەکەش لە سەر کورسیە گەرمەکـە مرخـەی خەوی دێ.
سـەرنـج دەدەمـە بـن مـیچ‌کـە گلۆپـەکـە قـورم و دووکـەڵـی خەست‌سواخی داوە و رووناکاییەکی کـز دەڕژێنێتـە ژوورەکـەوە، شووشەی‌دوو دەریەکەش هەر دەڵێی رەشاوی پێدا چۆڕاوەتـەوە، هەمووجارێ بە قسەکەی نەنکم بزەیـەک ختووکـەی لێـوم دەدا: «ڕۆڵەپەردەیەک بە پەنجەرەکەدا بدە!»
چـاوم وەک پـەپوولـەی شـوێن رووناکی، لـە دەسـتەکـی خانووەکەبڕیوە هەر دەڵـێی دەیـان ژمێـرێ: «یـەک، دوو، سـێ، چوار.»

ئۆخــەی چــەنــدە یــەکگرتــوون لــە ژێــر ئــەو بــارەقورســەدا خویان‌راگرتووە، ئەو هەموو گڵ و هــەڵاشــەیــان لــە ســەر شــانە، مەبەستیان‌چیە؟ تەنافی جاڵجاڵوکەیەک هەر دوو گلێنەم دەدزێ دەڵێی بە سەرپردی سیڕاتا رادەبرن، دەگاتە ئەو سەری لــە ســەر خەرمانەیەکهــەودای ســپی و خۆڵــەمێشــی خــۆی دەگرێتــەوە جاڵجاڵووکەیەکسەرەتاتکــێ دەکــا، هۆمــەن بــۆ گلێنــەی چــاوم دەهێنێ دەستم بەچاوەمەوە دەگرم برێکی هەڵدەگلۆفم هەســت بە پشوویەکی خۆش‌دەکەم، لە گەڵ لابردنی پەنجــەکــانم نیگــام دەپەڕیتە سەر تەنافە رایەڵکراوەکان لە سەر خۆیانی تان و پۆکــە دەوەستێتەوە. مێرولەیەک بەداوەکانەوە شەتەک دراوە، بە ددانــە مشارییەکانی خێرا خــیرا تاڵــەکــان‌دەقرتێنــێ. جاڵجاڵــووکەکــە خولێکی بە دەوردا لێدەدا، بەڵام بۆیهەڵــناگیرێ و ناچــار جێــی دەهێڵێ و دەڕوا. زۆر ناخایەنێ، دەدووازدە دانەی دیکە لــە گــەڵ خۆی دەهێنێ و هەڵی دەگرن،دەیبەنەوە بۆ نێو کونەکــەیــان، لــە پێشدا لە سەریەوە دەست پێ دەکەن،دوایە لاقــەکــانی دەخــۆن.
«ترس ئازای بــەدەنم دەرزی ئــاژن دەکا،چاوێــک لــە پشــیلەکــە دەکەم، لە سەر کورسیەکە نووستووە، بەزەییم‌پێیدا دێ بەرەو دوو دەریەکە دەچم درزێکی بە قەت ئەو برینــەیدڵــمی تێــدەخــەم، هەوایەکی ناخۆش خۆی لە ئامێزم دەهاوێ،پشووم سوار دەبــێ و لە قەڵەشتی پەنجێرەکەوە چاوم بە ئــەو گســکەدەکــەوێ کــە وا

دایکم لە حەساریٚ لە بەر سێبەری دیوارەکە هەڵیپەساردووە، ئاو لە نووکی دەچۆڕیٚ وە بیرم نایە لە کەنگێوە لەخووسی گرتووە.
دوودەریەکە کپ دەکەمەوە، بەرەو ئەو شوێنە دەگەڕێمەوە کە لێیدانیشتبووم پاڵ بە ئەو جێگایەوە دەدەمەوە کە پاڵم پێوە دابوو، هێشتاگەرمایی پشتم هەست پیٚ دەکەم بیٚ ئەوەی حەزم لیٚ بیٚ چاوەکانمدەبنە قیبلە نەمای بن میچەکە، هەر وەک لەون بوویەک بگەڕێن‌تەنافی چڵکن و بۆر، دەستەکەکانی داپۆشیوە، گڵۆپەکەش دەلێیٚ لە،لینگەگۆرەوی رۆکراوە، زەردایيەکی بە ئەستەم بە دیوەکەدەبەخشیٚ».
لە درزی دوودەریەکەوە مێرو لە بەرەو کونی جۆڵاتەنەکان‌خێزەرەیان بەستووە، بە دیوارەکاندا وەسەر دەکەون، جاڵجاڵووکەتۆڕی پانیان بۆ دەخەن، میرووڵەکان بە کۆمەڵ دەکەونە گەمارۆوە، بەددانە مشاریەکانیان تۆڕەکان لە بەر یەک ونجڕونجڕ دەکەن بە لەزرێگە دەبڕن و بە باڵای دیوارەکاندا سەر دەکەون جاڵجاڵووکەکان‌خۆیان لە کونەکانیان دەهاونەوە، مێرولەکان بە دەست و پیٚ لە نێوهەوداکاندا گیر دەخۆن، لاقیان لەبڕ دەکەویٚ، دەڵێی لە چۆمی‌دۆشاوو شیلە دەدەن، پیان هەڵنایەتەوە جاڵجاڵووکەیەکی گەورە لەکونێکی بچووکەوە لێیان دەر دەپەڕیٚ، «هەر دەڵێی سەگی هارە بەدەست و پیٚ ناوەستیٚ» لە مەکووکی جۆڵا چاتر دێتوو دەچیٚ،دەست دەکا بە تەنین، لە ماوەیەکی کەمدا مێرولەکان دادەپۆشیٚ.

هەناسەم سوار بووە، بارستایی کێوێک لە سەر سینگم هەستپێ دەکەم، بۆ ماوەیەک خەودەمباتەوە.
بەیانی بە خرمە خرمی بـاران و دەنگـی کـەڵـەشـێر، وەخـەبـەر دێم،بۆنی خۆڵ و کـای رزیـو بـە سـەر دەمـارەکـانی مێشـکم دا کەروێشکەدەکا بۆ چەند جارێک هەر لەو جێگایەی لێی درێژ بووم دەتلێمەوە،لەوە دەچێ کۆڵنجم کردبێ، بە لارە وە لارەوە بـۆ لای پەنجێرەکەدەچم دیسان چاوم بە گسکەکە دەکەوێتەوە، ئەوشەوە لە بەر بارانباشتر خووساوە بە قەت مەڵـۆیەک قـژ بۆتـەوە. پـێم خۆشە بچمەحەساری و بایەکی باڵم بدەم دڵم نایە ژوورە کـە بـە جێ بهێڵم،بارانیش مەودانادا پێم، دیوەکەم بەکۆڵ بۆ هەڵناگیرێ، هەزاران ساڵەخووم بەو چوار دیواریەوە گرتـووە، سـەگـەکـەشـم هەروایە قون لەدرگا کە ناکاتەوە!
جارجـار بـە چـەخماخـە و هـەورە تریشـقەیـەک، بـۆ چـاو ترووکانێکهۆدەکەم رووناکی دێتە ژوانی، هـەورە نێـو چـاو تاڵـە کـانیش دەڵـێیمنداڵـی سـەرەخـۆرەن بـەسـینگ و بـەرۆکـی ئاسمانەوە!
کوتری چاوم لەشۆین مێرووولەکان دەگەڕێن، خەبەرێک لەواننیە، رەنگبێ هەڵیان لووشیبێتن.
دڵـم نایـە چـاو لـەسـەرمیچـەکـە وەگـوێزم، بـەنێـو ژورەکـەدا دەکەومەپیاسە کردن. جێگام دەگۆڕم، پاڵ بە دیوارەکەی شـانی دوودەریەکەوە دەدەم لەدرزی پەنچێرە کەوە کزە با یـەکـی وەک

با شووخۆی لە ژووریٚ دەهاویٚ؛ هیچ پێم خۆش نیە لەبن مـیچ و دارەڕاکەبڕوانم؛ کەچی بۆم ناکریٚ، پێلوەکانم دەبنە زەرنەقووتـە و بەرە وئاسمان زار دادە پچـڕن. لـەو شـوێنە ڕادەمێـنم کـە لێـی دانیشتبووم پاڵمپێوە دابوو. پشیلەکەش زیتزیت لێی دەڕوانـیم، لە پڕ جاڵجاڵووکەزلەکە خۆ دەگەیەنێتیٚ و خەرمانەیەکی گەورەی بە دەوردا دەگریٚ.تەنانەت ئەو پشتیەی پاڵم پێوە دابـوو لـە نێـو ماشەری ئاڵوزاودا بەدەرەوەنیە، نیگام لەویٚ دەدزمەوە و چاوێک لە پەنجەرەکە دەکەمزۆر جێگای شوشەکە بـاران شـۆردوویەتـەوە و ڕەشاوێکی خەستڕووەودرگای حەوشەکە شۆلاوگەی بـەسـتووە، پلوسکەکانیش بەسەر کۆڵانەکەدا دەڕشێنەوە، ڕەشاوێکی خەست و بۆگەن.

خۆر بۆ چەند چرکەیەک وەک کچۆڵەیەکی شەرمن لە ژێرپەڵاسە هــەورەکــان دەردەکــەویٚ، دایکــی جاڵجاڵــوکە کــان خــۆی وەسەردەکێشیٚ و لەژێر چنگە بۆرە کانیدا خەریکە دەیشارێتەوە، گەواڵەهەورەکان دەگرمێنن، بارانەکە لەزیاد بوونە تاوە تەرزەیەکی باشدای دەکا،بە ڵام هێندە خۆی ناگریٚ و دەبێتە شڵێوە، شەماڵ ئەویشڕادە ماڵیٚ، هەورەکان دەشریخێنن ـ با ـ دەخەویٚ و بارانی پەپوولەدەباریٚ، وڵات سپی هەڵدەگەڕیٚ و سەربانەکـان مێـزەری سپی لەسەردەنێن، شار بەجارێک دەتەقێتەوە خەڵک لـە درگـاو پــەنجێــرەوە دێنــەشــەقـام و کۆڵــان، بارِشــتی پــەپوولــەیــەو چاوچاونابینیٚ، ئەوانەیلەدەرەوەن باڵـا یـان داپوشـراوە، هـەمـوو

دەڵــێی پێچــی پــەپوولــەی ســپیانلــە ســەر نــاون، لــە بــەر پەنجێرەکانیش کە پرۆکــەی کــردووە، ســەگــەکــەشــمدەتگــوت مێزەری پەپوولە پایزەی لە سەر ناوە، دەمەویٚ لە قەڵــەشــتیدوو دەریەکەوە بچمە دەریٚ، دەسرەیــەکــی وەک «ئــەوان» لــە ســەر بنێم،لاقم لە دووم نایە، قسەکانی دایکم دیتەوە بیر: «ئەگەر باران و بەفربــاری لــە درگــای حــەســاریٚ نــەچیتــە دەریٚ، گلۆپــەکــە نەکووژێنیتەوە،باران جێی بــەقــا نیــە و روو دەکاتــە چۆمــەکــان. بەفریش لە ئاست تاو وبان خۆی نــاگریٚ، کووانــووەکــەش گــەرم رابگرە».

بــارانی پــەپوولــە خۆشــی کردۆتــەوە کۆلکــەزێڕینــە بــە ســەر شارەکەدانووشتاوەتەوە و ژوورەکەم لە ئامێز دەگریٚ، ســەگــەکــە، وەخــۆمدەهێنێتــەوە، دەقرووچکێنــیٚ و دەلوورێنــیٚ، جارجــارەش هاشاوڵدەبا، تێناگەم بۆچی، من کە هیچ نابینم، لوورەی سەگەکە دڵ وگوێم ئازار دەدا، پەپوولەکان لە سەر خەڵکەکە هەڵدەفــڕن و بەرەوهەتاو دەچن، جاڵجالووکەکــە لــە ئاسمانــەوە بــەردەدەنــەوە تیشکیزێڕینی خۆر سینگی زەوی رادەمووسیٚ، بە سەر پێــوەپــاڵ بــەدیــوارەکـــەوە دەدەم تــووکی ســـەرم دە، دووازدە تــاڵ لــە هەودایجۆڵاتەنەکان دەپسێنیٚ، جاڵجاڵووکەیەکی چڵکن دێت و هەڵیاندەبەستێتەوە «دەڵێی جاوی ناوەتەوە» بە دەوری سەرمدا دێت و شانو پیلم هەتا نێو قــەدم بــە تــەنــاف دەپێچــیٚ. ورد و درشت لە کونەکانیاندێنە دەریٚ چوار دیواری ژوورەکەم دەتەنن.

پشیلەکە لە سەرکورسیە گەرمەکە خۆی فڕێدەداتە خواری و مڵ و مۆ دەکا. دەچێتەدەستەی ئەو پشتییەی پاڵم پێوەدا بوو بە چڕنووک داوی‌جاڵجاڵووکەی لێ دادەماڵێ، بەزمانی دەی لێسێتەوە بۆنی ئارەقی‌پشتی منی لێدێ، دووسێ جار دەمیاوێنێ، برسیەتی ئازاری دەدا. من‌و سەگەکە برسی‌ترین. بۆلام دێ خۆی لە قولاپەم دەساوێ. بۆن بەلاقەکانمەوە دەکا، دەمیاوێنێ و بە باڵامدا دەڕوانێ، خۆی بە نێوان‌هەر دوو لاقمدا دەکا و دیسان دەمیاوێنێ، قامکەکانم دەلێسێتەوە ودەمرخێنێ و مل دەنێ لە خواردنی قامکە گەورەی پێی راستم، لاقی‌چەپم ژان دای دەگرێ خوێن فیچقە دەکا، چوار دیواری دیوەکەم‌خوێناوی دەبێ و تار و تەنافی جاڵجاڵووکە، رەنگێکی ئاڵ بەخۆیەوە دەگرێ.

پشیلەکە سەری هەڵدێنێ و سمێڵە سوورەکانی دەلێسێتەوە، لە بن‌لیچەوە رەنگبێ بڵێ: بمبوورە چارم نەمابوو، برسی بووم برسی. سەگەکە بۆنی خوێنی بە سەردا دەچێ، چەند جار دەوەڕێ و بەدیوارەکەدا هەڵدەڕۆچکێ و لە پڕ ئارام دەگرێ، کەڵەشێرەکە باڵلێک دەدا و دەنگی نایە، سەگەکە قوونی لە درگای حەسارێنەکردۆتەوە، نالوورێنێ و ناوەڕێ، سەری کردۆتە سەر دەستی،رەنگبێ ئەویش وەک من خەوببینێ، ئەو دەمەم دەکەوێتەوە بیر، کەتووتکێکی خڕپن بوو هەموو جارێ دەم بردە باغەکانی قەراغ شار،خۆی دەکرد بە نێو وێنجەکاندا و پەپوولەکان

به سەر سەریدادەفڕین، ئـەویـش بـە دەسـتە قوڵـەکـانی بۆیـان هەڵدەبەزیەوە و بەوهیوایە کە بیان گرێ.
شەوێکی تاریک و بێ دەنگە، بارانەکەش خۆشی کردۆتەوەخەو لە سەر پێلووەکانم خێوەتی هەڵداوە.
سەگەکە لە سەر دەستی لێی خەوتووە، نـا ـ نـا ـ ئـەویـش وەک من‌لە خەو بێزارەو من وماڵەکەم بە جێ ناهێڵێ، پشیلەکە بـۆی دەربازبووە، ژوورەکە دەلێێ گۆمی خوێنە، هەتا ئـەژنـۆم بـووە بـە خوێنەوە،چاوەکانم وەک دوو ماسی سرک لە نێو ئەو شەپۆلانـەدا، دێن ودەچن.
خەریکە بە دیـوارەکـەوە خـەوم لـێ بکـەوێ، سـێ چـوار شڵـپ لەوخوێنە بە دەم و چاومەوە دەدەم ئیتر مۆتـەکـەی خـەو خـۆی نـاگرێ.خـوێن بـەری چـاوی گرتـووم دەمـەوێ خۆشـم بـە جاڵجاڵووکەکانەوەئاور بدەم، کەچی دڵم نایە ژوورەکەم بسووتێنم، ئەوانیش لە بیرئەوەدان دیوارەکان لە کۆڵیان بنێن، دیوارەکان لە بەر یەک دەرنایەن،هەڵناوەشێن دەسـت لـە دەسـتی یـەک بـەر نادەن بە قوڕ و دار و بەردیئەو کوێستانە دروست کراوە قورس و قاییمە، لە سینگی شاخی‌رابەردی بۆ هاتووە بـە کـۆڵ و بـاوەش، قوڕەبان و سواخەکەی پیر وجوان شێلاویەتی.
بـە دەنگـی کـەڵـەشـێرەکـە ڕاچـەنـیم، سـەگـەکـە، گسـکە خووساوەکەی‌بە دمەوە بوو دایە دەستم دەستم کرد بە داماڵـینی تەنافی جاڵجاڵووکەو قورم و تۆزی دیوەکە، کەڵەشێرەکـەش، بـە

دەنـــووک ملـــی نـــا لـــەکوشـــتنی جاڵجاڵـــووکەکـــان، دەرکـــەو پەنجێرەکەشمان کردەوە بـۆنیبـەهـار دەهـات و گڵـوپەکـەش میوانداری لێ دەکردین.

١٣٧٨/٨/١٢ ـ بوکان

## «شەماڵ»

«ئای دایە تۆ چەنـدە زوو شـتت لـە بـیر دەچێتـەوە، شـەوو رۆژ پێم‌خۆش نیە ئەو چرایە بکووژێتەوە، دەبـا ئـەو دیـوە قورماوییـە رووناکی‌تێخزێ، ئای چەندە سەرم دێشێ شەکەتم، دەڵێی دەرزی لە دڵـم رۆدەکـەن، بـێ ئـارامم، ئـوقرە نـاگرم، حـەجمیـنم لـێ هەڵگیراوە!»

هێشتا چاوی بەیان لە خەو دابوو، گڵۆپی ژوورەکەی‌هەڵـکردەوە، چووە بەرامبەر ئاوێنە راوەستا، قیت و چاو زیت لـەپشـت سـەری خۆی دەڕوانی، دیوارەکە بۆر و چڵکن، بن میچـەکـەش‌چـۆڕاوی دڵۆپەی لە سەر دەستەکەکانی بە جێ هێشتبوو.

بـاش دەیـزانی بـیر لـەچـی دەکاتـەوە، ئـەو خـووەی لـە دایکیەوەهەڵگرتبوو، راوەستان لە بەرامبەر ئاوینە دا کاری هەموو

ڕۆژیـیبـوو، مـاوەی چـەنـد سالـێک دەبـوو، ئـەم ئـازارەگـەرای ژانێکیکوشەندەی لە خوێنیدارۆ نابوو.
دەستەکانی سەربەخۆ خەریکیدا خستنی دووگمـەکـانی بـوون، لــەگــەڵ داخســتنی ئــاخرین دووگمــەی ســەر مسولــدانی ئاخێکیهەڵکێشاو ئاتەگی خستە نێو شاڵوارەکەیەوە، قایشەکـەی توند لە سەربەست سینگی لە ئاوێنە کـە بـردە پێشـێ، لـە سـەر پەنجەی ڕاوەستا.دایکی لە پشتەوە بە باڵایدا دەڕوانێ و دۆعای بۆ دەکرد، بە قوربان وسـەدەقـەی دەبـوو باڵـی فریشـتانی وەسـەر دەکێشا، شـیری مـەمکـانیحـەڵـاڵ دەکـرد، ژنی بـۆ دەهێنـاو، زەماوەندی بۆساز دەکرد، نەوەکانیلە سەر کۆشیدا دەنا.

]دەنگی لۆدێرەکە پەڕەسیلکەی بیری دزی، جامانەکەی لە سەرو گوێلاکی هاڵاند بە لۆدێرە زەردا وەسەرکەوت ، دووکەڵێکیڕەش لـە دووکـەڵکێشـەکـەیـەوە هاتـە دەرێ و خـۆی لـە ئـامێزی ئاسمانهاویشت. کڕەی دەمی کەوچکـەکـە گوێچکـەی ئـازاردا، سینگە شەقارشەقارەکەی ڕێگای کولاندوە. (لەو ڕۆژەوە ئاسن لـە دایک بووە،خێرا خێرا دمە زەرد دەکرێتەوە بۆ هەڵ کۆڵینی دڵـی زەوی، بۆ ژێر وژوور کردن، بۆ ئەوەی لە سەر زەوی دەژین ژێر گڵ بکرێن وبرژێن، داپۆشرێن و نەمێنن ، بەڵام... بەڵام چی، بـەڵـام زەوی قـەتقسـرنابێ قولـکەکـانی ســەر ڕێگـای پـڕ کـردەوە، کەوچکیپڕیدادەگرت، تەپووتۆز خۆی لە باڵای کێوەکە دەساوی.

جیبەکە بەتاو دەهات، دەتگوت «حەمە تاڵ»ی بە شوێنەوەیە، شەماڵلۆدێرەکەی دایە قەراخ ڕێگاکە، بە شانیدا تێپەڕی. گوتی:
ـ «ئەگەر (ئەوی) تێدابا... ئاخ خۆزگە بەو ماشێنەوە دەم کرد بەژێر گڵەوە».
لووتی لۆدێرەکەی بۆلای کێوەکە، وەرسووراند، کەوچکی داگرت، و زەوی هەڵدڕی ، برینێکی لە سینگی کێوەکە کرد، زاری بەقەت دەروازەی شارێک، شارێکی پڕ لە هەنیسک و ژان، بێ دەنگو کپ وەک ئەو شارەی قوڕگی بە قوڕقوشم ئاخنراوە!
ئاخرین کەوچکی گڵ و بەردی ڕۆکرد و رای گرت. دەستی لەفەرمان بەردا، هەستا سەر پێ تەپۆڵکەیەکی بە خۆڵ و بەردساز کرد،پێکەنینێکی تاڵ شەقڵی لێوی شکاند:
ـ «ئەوەم بۆ ئەو هەڵکەندووە، بە جیبە تاڵەکەیەوە گۆڕ بە گۆڕیدەکەم، ئەو گشتە خۆڵەشی لە سەر زگی ڕۆ دەکەم، بۆ ئەو، ئەرێ بۆئەو...»[
دایکی لە پشت سەری راوەستا بوو گوتی: ــ «چی بۆ ئەو، شەماڵچی؟ لە کەیەوە لەو بەر ئاوێنەیە بیر لە چی دەکەیەوە؟... چیە وا بەمن ناڵێی ڕۆڵە؟»
ئەشکی رق و تۆڵە لە خێوەتی چاویدا مەیی، یەکەم جاربووسەری بەردا بۆوە، مات و کڕ بوو، دەستی بە سەرە بێ تووکەکەیداهێنا، بۆلای دایکی وەرسووڕا، جانتا رەشە ئاخندراوەکەیهەڵگرت و چووە حەسارێ، خەریکی لەپێ کردنی

پۆتینەکانی بوودایکی لیوانێکی شەربەتی بەڵاڵووک پێدا، نیـوەی خواردەوەودایەوە دەستی، ئەونـدەی بۆهـات خـودا حـافیزی بکـا لەدرگای‌حەساریێ چووە دەرێ:

ـ «نەت گوت، باسی کێت دەکرد «ئـەو» کێیـە؟ رۆڵـە لـەبـەرت دەمرمهۆشی خۆت بێ.»

ئاورێکی‌دایەوە، بزەیەکی شیرین  نیشتە سەرلێوی، دەستی بۆبەرز کردەوە، کۆڵانەکەقووتی دا. دایکی گەڕواە ژورێ و چوولەبەرامبەر ئاوێنە کەدا  راوەستا.

شەماڵ لە پەناگڵە هـەڵـدراوەکـە، لـەژێـر سـێبەری لـۆدێرەکـە دانیشت‌لەنێرینەی رێگای  دەڕوانی ئەو بەجیبەکەوە پەیـدا بـوو، ڕای  گرت وبانگی کرد.

ـ «دەبێ مـن بچـم بـۆلای، لاقـی بـۆ بـەیـەک دادەم، دسـتە  و نەزەر،بچە قم.»

ئەو بە مۆرێکەوە، تەماشایەکی کرد.

ـ «هۆی... بۆ نابزووی، وەرە بزانم، نەکا گوێت گران  بێ!»

شەماڵ جووڵەی نەکرد «ئەو» چوو بۆلای، شەماڵ لە جێگای‌خۆی هەستا چاوی بڕیە چاوە زەقەکانی، چاویان لەیەکدی‌نەدەترووکاند؛ لەگلێنەی چەپی ئەودا تەرمی چوار کەسی دەبینی، بـەپاشـکۆی جیبە تاڵەوەی بەستبوون، رووەمـەتـەکانیـان سـووری‌دەکـردەوە، ئاوری دەداوە و قاقا پێدەکەنی، بە شەقامە گەورەکەی‌شـاردا ڕای دە کێشان، ئەوانەی لـەسـەر هـەڵـماتی چـاوی دەبـینی،دایکـی

کـەوتـەوە بـیر، هـەمیشـە دەچـوو لـەبـەرامبـەر ئاوێنـەکـە ڕادەوەستا،سەیری فرمێسکەکانی خـۆی دەکـرد بـەڵـام ئـەوکـە سەیری چاوەکانی(ئەوی) دەکرد بزە دەی گرت! بەسەریدا گوڕاند:
ـ «ئامادە بە بۆکاری پێویست، لەگەڵ چوار لۆدێری دیکەدا».
شەماڵ بەڵێیەکی تاڵی بۆکرد، لەگـەڵ هـەواڵـەکـانی ئـەوشـەوە لـەدەشـتێکی کـاکی بـە کـاکی ڕایـان گـرت کۆماگڵـی زلـەزلـە هەڵدرابوونەوە،شەماڵ هاوڕێیەکی پەنای تێگەیاند، کە دەبێ لێـرە چیان پێبکەن بۆچی هاتوون، هاوڕێکەی بە قامکی ئاماژەی کردە دەورو بەریان: ـ«چی دەبینم! ئەو گشـتە چـە کـدارە چیـە! بـۆ بەدەوری ئەوکۆماخۆڵانەدا خەرمانەیان داوە؟! دەنگی گریان! ها... جامانەکەی لەسەری کردەوە. بازنەی سەربازەکان تەنگ وتەنگتر دەبـوەوە (ئـەو) لـەجیبـەکـە دابـەزی بایـەکـی باڵـی داو شاڵوارەکەی هەڵکێشا سەر ڕەفیسـکەی، کڵـاوەکـەی لـەسـەری داگرت و بە پتەتەکاندی، پەنجەی بەسەر مشـکەکـەدا هێنـا و نایەوە بەتیلاگی سەریەوە، دەمانچەکەی لـەکـەلـەکـەی کـردەوە، فیشەکێکی بەدڵی ئاسمانەوەنا، هاوڕێکەی شەمـاڵ ڕیچـەیـەکـی کرد.
فـەرمـانی دا، دەسـت بـەکـاربن، شـەمـاڵ جامانـە کـەی لـە ئەستۆی کردبوو، شان بەشانی ئەوان چـووە پێشـەوە، دەسـتووری ڕاوەستانی پێدان، بەلۆدێرەکەی شەماڵدا وەسەر کەوت:

ـ «بزانە دەڵێم چی! تاگوتومە ٣ ئەو چاڵانە پـڕدەکـەنـەوە، وای بۆئەوەی لە قسەم سەر بادا، دەیکەم بە قوربانی گوللەیەک.»
شەماڵ نەیدەزانی چ باسە، ئەو خۆی فڕێدا خوارێ، هەرئەوەشی بـەوانی دیکـەوت، لـە گـڵ و خۆڵـە کـەیـان هـەڵـدەگـرت و لەچاڵەکانیان دەکرد، تەپوتۆز بەرۆکی ئاسمانی شلۆی کرد، قـاز وقورینگ بە قارە قاڕ بە سەر ئەو دەشـتـەدا رادەبـردن، زیـق و هۆڕهاوار و بانگ، ناڵە و جنێو، پاڕانەوەو هەڕەشە!
شەماڵ دەستی بە فەرمانەکەوە، وشک بوو، کـەوچکـە پـڕەکـەی لەحەوا رەق راگرتبوو، لە لیوانە شەربـەتـەکـەی دەسـتی دایکـی دەڕوانی،«ئەو کییە؟» فرمێسکەکانی بە سەر لووتیدا هاتنە خوارێ شەربەتەکەلە ئاوخۆریەوە هەڵچوو بووبە گڕکان، دەستەکـان لـەو چاڵەدا وەکشمشێر بۆنیگای شەمـاڵ دەهـاتن، گڵـە کـەوەبـنی دەدان، وەسەردەکەوتنەوە، ژنێکـی لـەچکـە رەش سـاواکەی بـە سینگەوەنووساند، بە سەریدا نوشتاوە شریخە لە بناگوێی هەسـتا «ئەو»دەستی نابە دەندەی جەکی کـەوچکـەکـەوە، ژن و منـداڵ بزربوون،گەڕاوە بۆ نێو جیبەکە شووشەیەکی نا بە سـەریـەوە، لـە گەڵ هەڵدانیتاڵاوەکـەدا، قاقایـەکـی درێـژی بـۆ کێشـا. کێـوی سەهۆڵی دەروونیشەماڵ هەرەسی هێنا، وەک کەڵەکێوی بریندار خوێن لە دەماریدابوو بە سێڵاوی بۆرکـانێکی شـێت، کـەوچکـی لۆدێرەکەی پڕکردەوەو هەڵی کوتایە سـەر جیبـە تاڵـە، بـەرد و

خۆڵەکەی کردە شاباشی، بەمەش ئوخژنی نەهات، بە کەوچکەکە پانی کردەوە و هەڵیدایە نێوچاڵەکەوە.

بارانەی ئاگر بە سەرشانی شەماڵدا هاتەخـوارێ، شـەپـۆلی ئـاگر وخوێن لە چاڵەکانەوە وەسەر کەوت و دەشتەکەی داپۆشی.

لە ئاوێنەکەدا، دایکی لـە باڵـای دەروانی و شـەمـاڵ سـەیـری دڵۆپەو قـورم و دیـوارە رەشـەکـانی دەکـرد، چـاوی لـە گـەڵ گڵۆپەکەدا،گەش‌گەش داگیرسا، هەتاویش سەبرسـەبـر لـە سـەر ملەی کێوەکەوەبەرەو باوەشی ئاسمان وە سەر دەکەوت.

١٣٧٧/٤/١٦

«توانەوە»

کاتێــک دووکتــور لــە نووســینی کاغــەزەکــەی بــەر دەســتی بۆوەئیمزایەکی پێـدا هێنـاو مـۆرێکی لێـدا چاویلکـەی لـە سـەر لووتیداگرت و رووی تێکردم:

ـ بۆ ئەوەی ئەو نەخۆشییە دەست بەردارت بێ بۆ چەند ساڵێکلە دارستان و مێشەدا ژیان بەرە سەر، خۆت بە کارێکەوە سەرقاڵبکە، دیمــەن و هــەوای ســازگاری  دەر و دەشــت باشــترین دەرمانــە بۆنەخۆشی تۆ.

قسەکانی دووکتور لە گوێچکەمدا لە سەر هێلکەی خەیاڵمکورک کەوت؛ لە دڵی خۆمدا دەمگوت «رەنگبێ نەخۆشییەکەمچارە سەر نەکرێ، بۆیە رەوانەی دارستان و لێرەوارم دەکا، بۆ ئەوەیحەیوانی درندە ورگی خۆیانم پێ پڕ بکەنەوە، بە سەر تەنافی ئـەوخـەیاڵـە ئەستەمـەدا لـە کـەوتـن  و بـەربوونـەوەدا بـووم لـە پـڕدووکتور بەمقەستی ئەم وتەیە تەنافی بیری هەڵ بڕیم  و داچڵەکیم.

ــــ ئــەگــەر هیــوات بــە مــانی خــۆت هــەیــە بــاش وایــە روو بکەیتەدارستان.

ــــ بــەڵــام! بــەڵــام دوکتــور ســەرەڕای دیمــەنی ســەوز و دڵگیری‌دارستان، دەترسم...!

ـ لەچی؟ کەست دیوە لە دارستاندا سەری تێدا چوو بێ؟

سەرم داخست و متەقم نەکرد، بۆ چەند ساتێک کپ بووم.

ــــ بــۆچی بێــدەنگــی، ئــەوەنــدەی دەرد و ئــازار، دزی و درۆدەستبڕین و سەربڕین لەو شارەدا هەیە قەت لە جەنگەڵــدا نیە!رامەوەستە و بڕۆ.

لــە ڕێگــادا بــیرم لــە قســەکــانی دەکــردەوە «هیــوا بــە مــانی خۆت،باشترین دەرمان» دیمەنی دارستانم لە شەودا هێنا بــەر زەینی خۆمدەنگی ناخۆش بە سام، چەق و لووری چــەقــەڵ و گورگ و ورچ وریۆی، مشک و مار هرووژمیان دەکردە سەرم لەت و کوتیان‌دەکردم لە سەر لاق و کەللە سەرم دەیان کردە شەڕ و زوو گوشتیان‌بە ئێسقانەوە نەهێشتم پێک هەڵدەپــرژان و ســەر و سەکوتی یەکیان‌دەڕنی و یەکدیان لە خوێن‌دا سوور دەکرد.

شەو لە سەر گازە رای پشت کەوتبووم، دۆستەکــەم خــۆی کــرد بەژووردا، لام وایە لە بیرم چوو بێ درگای حەســارێ دابخــەم نزیک‌بۆوە و لە ژوور سەرم دانیشت، دەستی خستە نێو دەستمەوە خێراهەستاو خاولیەکی تەڕ کرد و نایە سەر تــەوێڵــم، ئــارامی و حەسانەوەلە ئــامێزی گــرتم، ئــەوانــەی دوکتــور گوتبــووی بــۆم

گێڕاوە، مەلرزەمی‌کردم  لە گەڵی دا بچم بۆ دارستان، هەر ئاواشم کرد.
لە دنیـای ئـارامی و رووراسـتی لێـرەواردا دەتوامـەوە ببـووم بـە کوڕی‌دارستان خۆشم  دەویست،  خووم بە دار و بەرد  گـرت بـە ئاوی‌هەڵدێر و کانی شۆرەکاتی  دەروونم تێر  ئاو دەکرد، لە  ژێـر سێبەری‌دار بەڕوودا دەنووستم،  چارداخێکم ساز کرد  و لە گـەڵ «ئەو»داشەو  و  ڕۆژ بوین بە خۆشەویستی دارستان، یان ئەو بـوو بەخۆشەویستی ئێمە بە تایبەت من.
دۆســتەکــەم هــەمــوو رۆژێ دەکــەوتــە پــێش کــوڕەکــانی و دەهاتنەدارستانەکە، ئێـوارانیش بـە بـارە چرپـی و دارەوە بـەرەو شــاردەگــەڕانــەوە، مانــگ  و ســاڵ هــات و رابــرد، لاجــانگی دارستانیان‌رووتاندەوە قاقڕیان کرد. لە گەڵ «ئەو» دا کەوتینە ئەو بیرەوە کە دەبێدەستی دار بڕەکان لەو دارستانە کورت بکەینەوە.
دۆســتەکــەم دیــار نــەبــوو، کــوڕەکــانی گوتیــان «ناســاغە، لــە ماڵەکەی‌خۆیدا کـەوتـووە». کـوڕەکـانی، نـەوەکـانی، خـەڵـکی شارەکەش بۆرووتانەوەی دارستانەکە خێزەرەیان بەست، بۆ دنیای سەوز وهەواری ژیانی من. «ئەو» دەیگوت:
ـ دارستان و چیام خۆش دەوێ ـ دار و دەرخت سەوز وسەربەرز و بە سەرپێوەن، شاخ نەمر و راوەستاوە هەر مرۆ ئاوقای‌دارستان بووە و دای پاچیوە کوشت و بڕی لێ کردووە، دارستانیش‌بە حەیوانەوە خۆش و جوانە، ئاژەڵ و جڕ و جانەوەری ئێرە مـردە وزینـدەیـان

قازانجی زۆره بۆ دارستان ـ تەنانەت پەین و پاڵەکـەشـیان‌نرخـی هەیە، بەڵام خەڵکی ئەم شارەچی، ئافاتن، سووتمانن،خۆرەن، پێ لە هەر شوێنێک دابنـێن رەشـی دەکـەنـەوە ژێـر پێیـان‌گـەرای نەخۆشی پێوەیە، ئەوانە لە هەر لایەکەوە رابـبرن ئـەو جێگایـەدا دەتوڵێنن دای دەقنێنن، ئیتر سەوزایی لێ شین نابێ و... ئاخ...! دنیای دەروونی تەژی بوو لە خۆشەویسـتی و شـەڕ، لـە زانیـاری وهاوار، لە هەڵاتن و دەرباز بوون، لە مانەوە و فیداکاری.

ــ تـۆ سـەرنجـی ئـەو لـەگـلـەگانـە بـدە هـەمـوو ساڵـێ دێـن وهێلانەکەیان تـازە دەکـەنـەوە و هێلکـە دەکـەن و جووجکـەی تێداهەڵدێنن، قەت وانە بووە پەلەوەرێک هێلانەکەی پیس بکات وبیرووخێنێ.

لەو کاتەدا گلێنەم وەک ئەو هێلانەگۆرەویلکانەی بە دارەکەیروو بەروومەوە هەڵواسیبوو. ئاوا دەستی بە قسە کردەوە:

ــ دارسـتان، دار، هـەتـا بـووە، دۆسـت و هـاوژینی مرۆکـان بووە،رەورەوەیە بۆ پێ هەڵگرتنی منداڵ، کورسییە بو دانیشتن، لە پیریداگۆچانە بۆ دەست پـێ گـرتن، کـاتی مـردن تـەختـە، بـۆ شۆردن ودارمەیتە بۆ هەڵگرتن و راگوێزان.

خۆشەویستی دارستان بە قەت تەواوی دارەکان لە رووحمدابالای کرد. پازدە، بیست ساڵ دەبوو لە دۆستەکەم هەواڵێکم نەبوو،لە گەڵ «ئەو» دەوران دەوری دارسـتانەکـەمـان بـە تـەلی دڕاوی دیوارکردبوو، کەرگێـڕەوەمـان بـۆ دانـابوو دیسـانیش لـە جـڕ و

جانەوەریدوو پێ دەترسام، نەکا ڕۆژێک تاقـە دارێـک بـە پێـوە نەهێڵن. تاسەیبیننی دۆستەکەم تینووی کرد بـووم رووم کـردە «ئەو» و پێم گوت:

ـ دەچم بۆ لای، لە مێژ ساڵە نەم دیوە، لـە مێـژە لـەو شـارەش دوورمکە تێدا گەورە بووم ئەو سەیری هێلانەی لـەگلـەگـەکـانی دەکردجوجکەکانی زارەداچەقەیان بوو. دایکەکەیان خەریکی تێر کردنیانبوو، بێ ئـەوەی پـەپوولـەی چـاوی لـە سـەر ئـەو دار و هێلانەیە هەڵبفڕێنێ گوتی:

ـ بچو، بەڵکە لە گەڕانەوەدا بە هەواڵی خوشەوە بگەڕێیەوە!

لـە ڕێگـادا بـیرم لـەوە دەکـردەوە زوو بگـەڕێمـەوە بـۆ ئـەو ژینگەیەمکەوا «ئەو»ی لێ بە جێ مابوو، بـەڵـام زۆریـش حـەزم دەکرد جارێکیدیکە ئەوشارە و دۆستەکەم چاو پێ بکەوێ.

دیمـــەنی شـــار وەک خـــۆی نـــەمـــابووماڵـــەکـــان بـــەرزو و دیوارەکانچیمەنتۆ، ئەوانەی دەم ناسـین نـەیـان دەناسـیمەوە و کەچی من بەرووالەت ئەوانم دەناسی، پەڵە هـەورێکـی تـاڵ لـە ئاسمانەوە سێبەریبۆ سەر شارەکە کردبـوو، ماڵـی دۆسـتەکـەم دیتەوە هەر وەک ساڵانیزوو مابۆوە، قامکم نا بەزەنگی درگاکەدا، بەڵام کەس نەهات بەدەنگمەوە، زبڵ و زاڵ سـەر پلیکـان و بـەر درگاکەی داپۆشیبوو،نازانم چۆن بوو پاڵم بە درگاکەوە نا لە گەڵ تای درگادا کەوتمە دیویحەسارێ، تۆمەز لاولاوەکانی ژەنگ دای رزاندبوو کە درگایژوورەکەشم کردەوە بۆنێکی ناخۆش بە سەرمدا

شەپۆلی‌دا، ئەولوولاک و پەراسوو کەللە سەرەی من چاوم پێی کەوت، دەتگوت‌دەیان ساڵ لەمەو پێش لەو ژوورەدا مردووە.
گەڕامەوە بۆ دارستانەکە «ئەو» لە سەر کانیەک دانیشتبوو لەئاوەکەدا لە منی دەڕوانی و منیش سەیری ئەوم دەکرد.

۱۳۷۹/۲/۳ ـ بوکان

## «پاڵەوان»

بە جێمان مـەهێڵـە، نانێکمـان هـەیـە مـەی بـڕە، ئـەگـەر کـار بکەی‌پەکت ناکەوێ، خەڵـک خۆشـیان دەوێـی دەتناسـن، لـەم شارەدا کار بۆتۆ قات نییە. چەنـد وەختـە رێـی هـەنـدەرانیشـت نەگرتۆتە پێش وبەڕێش چووین، چ‌کارت بە چۆڵـەوانی داوە، لاوە بۆ سەڵت و رەبەن‌چاکە، ئەو عالەمەی دیتووتە، هەرکـەسـەی بـە کارێکەوە سەرقاڵە،ژنێک و منداڵێکی سەرو پێچکـە لـە خـانووی چۆڵدا بە جێ مەهێڵە،تۆ چاو لە حەمەکەریم مەکـە، چ جێیـەک وەک شار و زێدی خۆت‌دەبێ؟

وەک ئـاو بـە خۆڵـەمێشـی گـەرمـدا بکـرێ فێنکـایی زاخاوی‌دەروونی‌دا. ئەو جیهانەی وابۆ ئەو ببوە مستێکی قووچـاو، کراوە،روحی وەک شینکەی دەمەو جۆزەردان کەروێشکەی کرد. دەڵێن‌ئەوانەی لە تەنیاییدا دەژین، تووشـی نـەخۆشـی رۆحـی و رەوانی‌دەبن، کەچی قادر تووش نەبـوو! بێـدەنگـی، دڵـەڕاوکـێ،

چرپـەی بـەئاسـتەم، زرمـەی کتوپـڕ، چواردیـواری ڕەق و رووق، داچلەکین لەتاپۆی وشک و بێ ئازار. رەنگبێ ئـەوانـەش گـەرای دەردن دەڕژێنەنێو خوێن و دەمارەکانی، مرۆ دەتاسێنن، بەڵام ئەو لەوانە بە دوورنەبوو زۆریش لەوە دەچوو قسەکانی خێزانی بە لاوە پەسند نەبێ.خۆ ئەگەر کەسێ ئەوتۆ ئەوانەی پێ گوتبا لـە سـەر مێشکی کورکدەکەوت،

دەیگوت: قسەی ژن بە لای منەوە مەزندەی نیە. ئەوچوارچێوەی کە مرۆێی تێدادەژی هەراوە بە قەت ئەمسەر وئەوسـەری دنیـا، ئەو دنیایەی کە هێشتا سەر و بنی نەزانراوە!مرۆگەلیش بە پاپۆڕ و مەشکەی باڵۆن و فڕۆکە و دەیان لەم چەشنەتەوافیـان کـردووە، کەچی هەر ئەو تۆپە قوڕینە چاو چنۆکی زۆری لـەسـەر کـراوە و بووە بە نێو ماڵێکی قورماوی ٣*٤ و هەر پـەلـەقـاژەیـە بـۆفراوان کردنەوەی و جێخۆش کردن لە سەرشان و کۆڵی مانگ ومـریخ و زوهرەش. ]ماشینەکەی لە بەر دەرکی حەسارێ راگرت ودابەزی دەسـرۆکەی لــە گیرفــانی هێنــا دەرێ، دەســتی کــرد بــە سڕینیشووشەی ماشینەکە و دوایەش چراکانی خـاوێن کـردەوە گوتی: «لەخودا بە زیاد بێ، گڵ و بەردی پـێ دەکێشـم، خیـز و قسڵی پێ دەهێنم،شەو و رۆژکـاری پێـدەکـەم، پـەکـم ناکـەوێ خەڵکی ئەم شارەدەمناسن، چەن ساڵە ماشینم بـە دەسـتەوەیـە رێزم لە لای خەڵکیزۆرە، خۆ تازە ئەمەش ماشینی خۆمە، بێکـار نابم، وەستا عەلیبزانێ گازم کڕیوە، مـەحتـەلم ناکـات، وەسـتای

چاکە بەشێکی خانووی‌ئەم شارە ئەو دروستی کردووە، ئای وەستا عەلی…، ـ چەندەی‌کـەیـف لـە زۆرە وانیــە، زۆری پێخۆشــە لــە عەرزمدا…»

چــووە بــەر ئاوێنــەی ماشــینەکــەی، ســێ دووگمــەی بــەرۆکــی کرابۆوە،زەینێکی دایە سینگە تووکنەکەی، مەمکەکانی ئەندازەی بەهێیەکوەسەر سینگی کەوتبون دەستی لە بابۆڵەی باسکی‌دا و، پەپوولەی‌بزە نیشتە سەر لێوی: «تا ئیستا کەس نــەی خســتووم، کەس».

بە فیشقەی بە تاڵ بوونی بای تــەگــەری گــازەکــەی داچڵــەکــی وئاوڕی دایەوە، دوو سێ منداڵی بـزۆز بــە دەم تریقانــەوە، رایــان دەکرد.لیوانی ئاو خواردنەوەکەی لە بەر دەســتا بــوو بــە هــەمــوو هێزەوە رێی‌هاڵاندن[ بە شکاندنی شووشەی پەنجێـرەکــە، زارای ژنی لەخەوڕاپەڕی

ـ «چیبوو قادر، چی بوو شکا؟! بەم نیوە شەوە بۆ نەخەوتووی‌کێ بوو شوشەکەی شکاند!»

قادر کە تا ئەو کاتە ]بە خەیـاڵ ببــوو بــە مــاڵ[ ســەری بــەرداوە وهیچی نەگوت. خێزانی هەستا و وردە شووشەکانی گــەســکدا، لەتــەنــەکــەی زبڵــەکــەی کـرد و لبــادێکی بــە شــوێنی شوشــە شکاوەکەوەنا.

دوو حەوتوو هەواڵێک لـە قـادر نـەبـوو. ]دەڵـێن تێکوشـین بـە هیوای‌جیران وشکە[ حەمە کەریم گوتی: «قادر خۆت پـەرێشـان مەکەئەوەی هەمە لە گەڵ تۆدا دەیخۆم!»
بە دەم گەز کردنی شەقامـەکانـەوە چـەنـد دەرکـەیـان تـەقانـد کەس‌نەیـوت بـارت بـە چـەنـدە. بـە شـەقامێکـدا، سـەرەوژوور تێهەڵبوون،ئاپۆرەیەکیان‌بینی. قادر گوتی: «حەمە کەریم سەیرکە ئەو گشتەخەڵکە، دەوری چیان داوە؟ کوڕە خۆ پاڵەوان بازیە، ئای چەندەم‌سەیری ئەو شتە پێ خۆشە».
پاڵـــەوان خـــەریکـــی وردکـــردنی بـــەردێـــک بـــوو، قـــادر دەستی‌حەمەکەریمی راکێشا: «وەرە بابزانین چون ئەو بەردە بـە مستی‌دەشکێنێ»!
بـەردی شـکاند و خـولێکی بـە نێـو مـەیدانـەکـەدا لێـدا، لـە قوتوویەکی‌تـەختـەی چڵـکن مـارێکی زەردی هێنـا دەرێ و بـە دەستیەوە گرت،هێزی لە بەردا نەبوو، ئەویشـی دانـاوەو، دەسـتی دایە لیزگەیەک‌زنجیر و پاش چەند جـار، راوەشـاندن لـە دەوری شان و پیلی گێڕا.
ـ «حەمەکەریم، ئەگـەر بیپسـێنێ کـوڕی بـابی خۆیـەتی. ئـای چەندەخۆشە زنجیر پساندن»!
تێکـــڕا پاڵـــەوانیـــان چـــەپڵـــەبـــاران کـــرد، قـــادر پێـــی نایـــە نێرینەی‌مەیدانەکەوە.
ـ نەکەی برا، نەکەی، قادر ئەوە کاری تۆ نیە واز بێنە...»

ـ «پالەوان می‌توانید با من زۆرەوانی بگیرید»؟!
پاڵەوان بە بزەیەکی کاڵەوە چاوی بە قەڵافەتی‌دا دووری و بازووەبە خاڵ کوتراوەکانی پیشان‌دا، وێنەی کولێرەی لە سەر نەخش‌کرابوو، باڵی بۆ کردەوە:
ـ «حتماً دوست دارید که با ما کشتی بگیرید، یا علی بگو».
باوەشیان بە یەکدا کردو، دەستیان لە یەک هەڵپێکا دوو سێسووڕیان داو، قادر هێنای و بردی پاشقولی دا، پشتە پانەکەی‌پاڵەوان تەوێڵی مەیدانەکەی ماچ کرد، ڕێژنەی چەپڵە دا باری و قادرلە سەری هەستاوە کڵاوەکەی لە سەرە کەچەڵەکەی داگرت و بە نێوحەشاماتەکەدا گەڕا، بەشی گەڕانەوەی خۆی و پاڵەوانی پەیدا کردو، پاڵەوان و کەریمی لە گەڵ خودا حافیزیەک بە جێهێشت.
کە لە درگای ماڵێدا، هێشتا مۆتەکەی شەو چۆکی لە سەر دڵی‌بەیان هەڵنەگرتبوو.
ـ هاتیەوە قادر؟ ماڵەکەمان بە بێ تۆ سارد و سڕە، ڕۆژ نیە وەستاعەلی هەواڵت نەپرسێ. زێڕ و ئاڵتوونەکانی من بفرۆشە و بیدە بەماشێنێکی گاز، بە جێمان مەهێڵە.
ـ بنوو زارا بنوو، جارێ خەوێکی قورس گۆڕە و شارم دەدا.

١٣٧٧/٥/٢٧

ئەوە، دووهەم کتێب بوو، لە «ئەوی» دەخوێندەوە، یەکەم جار کەرۆمانی داربڕەکانی خوێندەوە زۆر بە کەیفی بوو، زۆری شوێن لەسەر دانا بوو، باوەڕی نە دەکرد لەو شارە بچووکەدا، ئاواها کەسێکهەبێت و کتێب بنووسێ! هەمیشە دەیگوت!

ـ بڵێی کێ بێ و چۆن کەسێک، خۆزگە لە نزیکەوە بمدیبایە.

بەڵام ئەو جار، لە شانسی ئەو، وێنەی نووسەریش بە پشتیکتێبەکەوە بوو، پارەی کتێبەکەی بە کابرای دووکاندار دا و هاتەدەرێ.

ئەو شەوە هەر چەند هیلاکی کاری ڕۆژانەی هێشتا لە سەر لەشیهەڵنەفڕی بوو، بەڵام دوو فەسڵی خوێندەوە.

ــ خوزگە ئەو هێز و دەسەڵاتەم هەبا دەستم روشتبا بە منداڵیهەژارانم خویند با.

ئاسنگەرێکی بە توانا بوو، داس و چەکوچ و پیشکان ودرمغی‌ساز دەکرد، شەوانەش سەری بە سەر کتێبان دادەگرت ودەچووە ناخیانەوە، کەمتر کتێب هەبوو نەیخوێندبێتەوە.

ئەو ساڵە شارەکەی ئیمەی بە جێ هێشت خەڵک زۆر بوی بەپەرۆش بوون، کەس بەرۆیشتنی قایل نەبوو، زۆر کەسی فێرەئاسنگەری کرد، بەڵام عەولا چەرمە دە ساڵان لە گەڵی بوو، ئێستا وئێستاش تەنیا زانی کوتک بوەشێنێ، جیران و دیوار بە دیواری ماڵی‌وەستا وسێن بوو، وەستا وسێن زۆری ئاگاداری دەکرد، تەنیاکوڕەکەشی بۆ نارد بووە بەر خوێندن، هاو پۆلی ڕەزای خۆی بوو.

ئەو شەوە، وەستا وسێن کتێبەکەی لە سەر تاقەکە دانا بوو، ڕەزادەستی دایە و چاوی لە وێنەی پشتەکەی کرد.

«کەل و پەلی نێو ماڵێ هەرچی بوو لە سەر داشقەکەدا بە سرابوو،ڕەزا لە سەر سندوقەکەوە چاوی لە وەفا نەدەتروکاند. ئەویش دەنکەفرمێسکەکانی لە سەر هەنیەی گیرسابوونەوە خاوەن داشقەکەقەمچی‌یەکی لە کەفەڵی ئەسپە بۆرە سرەواند، بەرەو شارێکی دیکەوەڕێ کەوتن. ڕەزا لەو سەرەوە دەستی بۆ وەفا بەرز کردەوە،ئەویش کوڵی گریان‌بینی گرتبوو، ڕەزاش دەسرە سرێکی لە گیرفانی‌شارواڵەکەی دەرهێنا و فرمێسکەکانی پێ سڕیەوە».

وەستا وسێن لە مێژبوو ئاگـای لـە گریـانی رەزا بـوو، خـۆی پـی ڕاگیرنەکراو گوتی:

ـ کوڕم چ بووە، بۆچی لەو عەکسە خورد بوویەتەوە بۆ ئاوا بەکـوڵ دەگری...؟

رەزا جارێکی دیکەش دەسـرەکـەی بـە رووومـەتی دا هێنـاو، بـە دەمگریانەوە:

ـ بابە ئەوە، وێنەی وەفایە، ئەرێ وێنەی وەفایە...!

وەسـتا وسـێن کتێبـەکـەی لـە دەس وەرگـرت و چـاوێکی بـە پەلەیلێکرد، لەو لاوە داینا و گوتی:

ـ وەفا کێیە؟ کام وەفا...

تەوژمی گریانەکە، تا ئەو حەلە رەزای بەر نەدابوو.

ـ وەفای کاک عەوڵای شاگردت، وەفای جیرانمان!

وەستا وسێن، دیسان کتێبەکەی هەڵگرتەوە و تەماشایەکیکردوو، بڕێک بناگوێی خوراند.

ـ جا وەفا بۆ! تۆ لە کوێ دەزانی ئەوە وەفا بێ؟ ئەتۆ و وەفائەوکات کە ئێمە لەو شارە بارمان کرد، پۆلی پێنجتان دەخوێند.

تو چۆن دەزانی ئەوە وێنەی ئەو بێت، ئێسـتا ٢٥ سـاڵ بـە سـەر ئەوکاتەدا رادەبرێ، کـە ئێمـە ئـەوانمـان بـە جـێ هێشـت، ئـەو جاریش،چەرمە دەساڵان شاگردی من بوونەی زانی داسێک تیـژ بکا، چۆنکوڕی وای دەبێ!

رۆژێــک وەســتا وســێن خــۆی کــرد بــە دووکــانی کتێــب فرۆشەکەیدۆستیدا، هەواڵی کتێبی تـازەی پرسـی، دووکانـدار کتێبێکی تازەی بۆهێنا و گوتی:

ـ ئەو ئەسەرە تازە چاپ کراوە... ئاغا وەفا...
بـە دەسـت ئامـاژەی بـۆ کـەسـێک کـرد، لـەوێ دانیشـتبوو. وەستاوسێن ئەم لاو ئەولای ماچ کـرد و بـە جـووت بـەرەو مـاڵ بوونەوە،چەند رۆژیک وەفا و رەزا بە یەکەوە رایان بوارد ئەو رۆژەی کـەدەبـوو، بڕواتـەوە بـۆ شـارەکـەی خۆیـان، وەسـتا وسـێن کەرەسپیەکەی بۆجل کردن و کەڵەشـێرێکی بـە دیـاری پێـدا و رەزای لە گەڵ خست وکاڵەکێکی زەلامیشی دانێ، وتی:
ـ «ئەگەر لە رێدا برسیتان بوو ئەو کاڵەکە بە نانەوە بخۆن».
هەوا گەرم و رێگا دوور، برسیان بوو، وەفـا کاڵـەکـی پـاک کـرد وملیان نا لە خواردنی. تووەکەی دا بە کەڵەشێر و توێکڵـیش بـە کەرەسپی.
رەزا، کاتێ گەڕاوە بۆ ماڵی خۆیان ئەو باسەی بۆ بابی گێڕاوە.

١٣٧٨/٦/٢٦

## «تار و مانگەشەو»

هەر کە مانگ بە باڵای ئاسماندا هەڵزنا و تیشکە زێوینەکەیپڕاندە چایخانەی میوانخانەکەوە «ئەو» دەچێتە سەر کورسیەکە ورووبەرووی دادەنیشێ، تارەکەی لە سەر کۆشی دادەنێ و بە هێمنیسەر پەنجەی لە تەلەکان دەساوێ جارجارەش بە سینگی خۆیەوەدەگوشێ و لە مانگە کە رادەمێنێ، بزەیەک گوڵ دەخاتە سەرروومەتی و دەڵێ:

«ئەی مانگ من و تۆ هەر دوو، هاو دەردین
هەر دوو گرفتار یەک ئاهی سەردین»

]بسکە خاوەکانی تـەزوویـەکـی خـۆش بـە گیـانی دەبـەخشـێ، ئازایئەندامی مێرووله دەکا. «رەنگە ئەگەر ئێستا کە حاکم بوایـە هەزار چاوسووری لە بەر دەستا با ـ چ ئەمرێکی پێدەکردن»!
روومەتی لە روومەتە ئاڵەکانی دەخشێنێ، پەنجەی دەکا بە شانەو ئەگریجەی شانە دەکێشی شیرین دەڵێ:
ـ تۆ خوا ئەگەر کەمێکی دیکەم بۆ لێنەدەی!
چاوی لە چاوە خۆمارەکانی بڕیوە پێلوی لە سـەر یـەک دادەنـێ ودڵۆپێک فرمێسک بە سەر گۆنای دا دەخلیسکێ، پەنجەی لە نێو قژەئاڵۆزەکەی دەردێنێ و توند بە خۆیەوە دەگوشێ.
ـ تازە کەوتبوویە سەر هەوا خۆشەکە، بۆچی دەستت هەڵگرت.[
سەری بە سەر تارەکەدا شۆڕ کردەوە هیچی نەکوت.
«بەو خەیاڵانەوە دنیاییەکی بۆخـۆی دروسـت کـرد بـوو، «ئـەو» لـەنـاخی مانگـەشـەودا تووابـووە» دەچمـە بـەر پـەنجـەرەی چایخانەکە،مانگ گۆشەی کێشاوە، شـەوێکـی سـاماڵ و سـاردی پاییزەشەقامەکەش تامەزرۆی ڕێبوارێکە جار ناجارێک لە مابەینی گەڵایدارەکانەوە لە مانگ دەڕوانم، گەڵاکان بە دەم بـاوە دەوەرن زۆربەلامەوە سەیرە ئەم شـەو زێـدە لـە شـەوان زوو خـەوی لـێ کەوت.
بێجگـە لـەم کورسـیە قـەت وا نـەبـووە لـە سـەر کورسـیەکـی دیکەدابنیشێ لێرەوە مانگ جوان دەبنیدرێ، هەر بۆیە چاوی لـە سەرهەڵناگرێ هەتـا وەپشـت دیـوارە بـەرزەکـان دەکـەوێ. زۆر

جاریش بەچاوی خۆم دیتوومە بە سەر پێوە ڕاوەستاوە و سەیـری دەکا، دەنادەچێتە سەر کورسیەکە لێی دەڕوانیٚ، نازانم بۆ، چی لەو دا دەبینێنازانم!

سەری بە سەرشانی داخستووە پرخەی خەوی دیٚ. تارەکەشیلە پشت سەری هەڵپەساردووە. ئـەوەنـدەی ئـەو ژن و پیـاوە دێنـە ئەومیوانخانەیە زیاتر ئەو کـابرا دامـاوەم دێتـەوە بـیر، تێناگـەم چسێحرێکە خۆ ئەوان باسی هیچیـان نـەکـردووە، لـە ئـەوەنـدە زیاترگوتیـان: «هـاتووین بـۆ سـەر دوکتـۆری چـاو، دیوێکمـان پێوستە».

سـەرم سـووڕماوە بـە دیتنیـان دڵـم دەکرێتـەوە بـەڵـام بـۆ چرکەیەک،ئیتر خەفەت دامدەگریٚ؛ چەندساڵێک بوو مەیلم نابوو کەچی ئەواماوەیەکە بیری ئەوم لە دڵدا ژیاوەتەوە.

ـ «ئای یادی بە خێر، دەیگوت لـە دنیـادا لـە ئـەو تـارە ئـازیزتر شکنابەم!»

کەچی بە راسـتی نـەبـوو، ئـەگـەر شـەوێـک مانـگ بـە دەرەوە نەبا،هەراسانی دەی هـەژانـد، تـارەکـەی دەنـا سـەر، رانی و بـیٚ ئەوەیچاوی لە دەسـت و پـەنجـەی بێـت مـەزرا بی لـیٚ وەکـار دەخست وهێشووی نیگای لە سەر سینگی مانگ نـە دەگـوێزاوە، هەر پەپوولەیشیرین شیرین بوو لـە سـەر تـارەکـەی دەفـڕی و دەنیشتەوە.

هەر ئەو شەوە تارەکەی لە پشت سەری دانابوو، رۆیی ونەهاتـەوە ئێستا عەیامێکە لێی بێ هەواڵم، زیندە خەوی پێوە دەبینم،دایمە لە بەر چاومە.

ژن و پیاوەکە لە پەنا، سـۆبەکـە خـەریکـی قسـە کـردن بـوون، چایچیبۆ لای کورسیەکە رۆیشـت چـاوی بـە سـەریـدا مـەیـی، بەرەبەرە سەریبەرز کردەوە و تەماشایەکی مانگەشەوەکەی کرد، تازە خۆی لە بەرۆکی ئاسمان دەساوی، گەزێک لـە کورسـیەکـە دوور کەوتەوە، هێورهێور لە جێی خۆی کەوتە جووڵە، نـەغمـەی تارەکە وە سەمایخست، دەستی نابناگوێی بـە سـۆزەوە دەسـتی پێکرد:

«ئاخ! شیرین شیرین دەردت لە گیانم، شیرین گیان».

بە نێو چایخانەکەدا رۆینەیـەکـی باشـی کـرد، ئـاوازی تـارەکـە، ئاوپرژێنی دڵی کرد بوو، تاو تاوەش بە سۆرانیەکانی ئارەقەی دەم وچاوی دەسڕێ.

بـە دەم هـەڵـپەڕینـەوە هاتـەوە بـەر پـەنجـەرەکـە، مانـگ وە پشتدرەختەکان کەوتبوو، کە سەرنجی بەر پێیدا ئـەو کاتانـەی هاتەوە بەرچاوی لە گەڵ هەر نەغمەیەکدا چۆڕەچۆڕ خوێنی سەر پەنجەی ئەوبە سەر تەلەکاندا دەتکا سەر عەرزەکە، مەزرابەکەش لە خوێنداسوور هەڵگەڕا بوو.

ژنــەکــە دەســتی بــە شــانی پیــاوەکــە گرتــوو رۆیشــتن بــۆ دیویخەوتنەکە.

۱۳۷۸/۵/۳۱

## «دەنگێک لە تاریکیدا»

ـ لە کاتی خۆیدا دەگەمە لات، لە شوێنی خۆت نەبزووی.

ـ ئەگەر نەهاتی چی، خۆ من سنگ نیم!

چاوەڕوانی ئاراوقارای لێبریم، زەردە پەڕ خەریک بوو، لە گەڵلووتکەدا جێژوان بە تاڵ بکا، هاتە نێو ئوتوبووسەکەوە، هاورێ وهاو تەخت بووین.

ـ بە راستی چاک هاتی، خەریک بوو دام کوتی.

ـ چ فەرق دەکا، ئێستا کە هاتووم!

ـ دەڵێم بیرت برێک رەندەی دەوێ!

بزەیەک لە سەر لێوی پشکووت.

ـ دۆعا بکە بە سڵامەتی بگەینە ئەوێ!

ماشینەکـە تـازە خـەریـک بـوو پشـتی تـوو لـە مـاری جـادەی دەشێلا،گۆێاریکیدا بە دەستمەوە، گۆێاریکی رەشی ژمـارە ٣، و بیستلاپەڕە، سەرم بە سەردا شۆڕکردەوە و تێیدا نووقم بووم ئیتر ئاگام لەهاوڕێ و ماشینەکەبڕا.

بە دارستانێکی چڕ و ئاڵۆزدا تێ هەڵبووم، جارجار دەنگیمەلێـک تێکەڵ هەوای بێتامی شەو دەبوو، بە سەر کـانی وئـەسـتێرێکدا کەوتم، قەوزە لە بەریـانی ئـاوەکـە خـۆی بـە تـاریکیسـپاردبوو، رەنگێکی دزێوی دەنواند.
دوازدە جـــار زەڕەی کـــەرە گـــەل هاتـــە گـــوێم لـــە قـــەراخ ئەستێرەکەپشیلە دەیان میاواند بێشەرمانە خۆیان هەڵدەدایە نێـو ئاوەکەوە ومەلەیان دەکرد لە سەر بۆخوارێ بە شەر بوون.
کلچێوکی شەو چاوی دار و دەوەنی رشتبوو، خشەیەک هەستیلە ئـامێزگرتم لـە سـەر دونـدی رەوەزێـک هـەڵـۆیەک باڵـەکـانی بەیەکدادەکێشاو بۆ دووری دەڕوانی لەو لاشەوە بـڕەکێکـی کـۆن لیزگە لیزگەسمێڵی پشـیلەکـانی دەهۆنیـەوە و هـەڵـۆکەی پـێ دەمبێن دەکرد. وەکداهۆڵ لە جێگای خۆم چەقیبووم، بەرازە بۆر دەستی بە کلکیپشیلەیەک گرت و بە سێ چوار لۆقان گـەیشـتە بەر دەمم، لە ترسانهەر دوو چاوم زەق بوو، بە سمێڵی پشیلەکـە

منیشی دەمبــێن کرد،چنگێکــی قــەوزە هــەڵــگرت و ئــاوەکــەی چۆڕاندەوە نێو زارم، بۆماوەیەک چــاوم لــە ســەر یــەک دانــا، کــە وەهۆش هاتمەوە ببــووم بــەمــەیمــونێکی ســووری جــرپن، خــۆم هاویشتە سەر پشتی و کلکم کردەمێــزەر بــۆ ســەری. ئیتــر بــۆم دەربەست نەبوو شەوە رۆژە، چاوم لەچاوی گورگ و رێوی جوانتر دەیبینی، زۆرم کایە و گۆنگەڵ لە گەڵبڕەکە کەدا کرد «خەو وەک دۆڵپای سەلیم جەوهەری قورسایی‌خستە سەر لەشی داتەپیوی» وازم لێ هێنا، خۆم هەڵدایە سەردارگوێزێک، بەرەکەی ئــەوەنــدە زۆر بوو گەڵای پێوە نەمابوو چەنددانەیەکم شکاند کاکڵەکــەیــانم خوارد، تفت و تاڵ، لە خۆش و بــە تــامدەگــەڕام، یــەکیــان وەک قاپووڕە سەری باپیرم دەچوو قووڵکەی‌چاوی خــەرمــانێکی خــۆڵ دەبرد کەللەی سەری ئەوانەی دەمناسن،دەیان ناسم هەمووی بەو دارە گوێزەوە بوو!

دەنگی گریانێکی بە ســۆز، وازی پــێ لــە گــوێز خــواردن هێنــام، سێماکەری لەندەهۆر بە زیندوویی ملیان نابوو لــە خــواردنی ران وسینگ و بەلەکی مامزێک، جار جــارەش بــە ددانــە گــڕەکانیــان شەڕیان‌لە سەر دەکرد و شان و ملّی یەکیان دەپچڕییەوە و ئاشت دەبوونەوە.لامل و شانی یەکتریان ڕنەک دەکرد و دە دوازدە جــار دەیان زەڕاندمامزەکەش وەک بارانەی پەڵە بــە ســەر پــەخشــانی مەرگدا هەڵیدەوەراند، لە جۆگەی کانیەکەوە دەچووە ئــەســتێرە کە فرمێسکەکانی.لاق و قوولی کەرەکان لە هی بەشەر دەچــوون

پەرێشانی بوو بەقوڕاوو سەرتاپای لـەشمـی سـواخدا، بـە نینۆکـە خـوارەکـانم بنـاگوێمهـەڵـکڕاند، بـیرم کـردەوە، ئـەگـەر بـڕێک سەرەموقلات و هەڵبزدابەزبکەم، لەوە دەچێ واز لە خواردنی ئـەو گیانداره بێنن، ئەو بەزمەی‌بۆ ئەوانم‌ساز کـرد «مـەیموونـەکـەی لۆتی هەباس نەی کردبوو» کەرکەنگێ ئاقڵ دەبێ؟ مـەگـەر ئـەو رۆژەی تەشریف بەرێ. بە نۆرەرەپێیان دەنام و دەگەڕانـەوە سـەر کەلاکە کە، بە سەر چنگان و دارە ودار بەرداو بەرد خۆم لە پڕایی بێشەڵانەکەدا دیتەوە لە پەنا تـەرمـەکێـک‌کیفـارو دڕووەوە زەردە شێرێک سەری کرد بووە سـەر دەسـتی، لاموایـە زینـدە خـەوی دەبینی، پەڕێکی رەشە داڵیان لە دەمی نابووقەمتەریان کردبوو بە سمێڵی پشیلەکان لە بن گوێچکەیەوە گرێیان‌دابوو، رێویـەک بـە سەر پشتی نێرەکەرێکەوە لە بەر دەمیدا حەقایەتی‌هەزار و یـەک شەوی بۆ دەگێڕاوە.

دەنگی مەلـەکـە تامـەزرۆی کـردم، تـەمـا باڵـی پێگـرتم بـەرەو لای،چاوم لە چاوە کزەکانی شێربڕی، وەک ئەوەی پێم بڵێ: بڕۆ! وابوو. بەجێم هێشت بە شوێن ئاوەڕۆیەکـدا کـەوتمـە رمبـازێن، دەستەیەک‌ئاسکۆکە نەمامیان دەناشت و دەستەیەک کەرەگەل بە شوێن ئەوانـدادەیـان کوڕوسـاندنەوە، لـە هـەر دار و درەختـێکم دەڕوانی توێکوڵی‌پێوە نـەمـابوو. شـوێنی کـەڵـبەی نێـرەکـەر و ماکەری پێوە دیار بوو.دوازدە داریان دەرووتاندەوە و سـێزدە جـار

دەیان زەڕاند. گەڵایدارەکان دەوەریـن، ڕێـوی و بـەرازەکـانیش خۆیان تێدا دەتلاندەوە،وابزانم ئەو مەلە قاوی دەکردم.
بـە لاپاڵـێکدا هـەڵـگەڕام تووشـی پۆلێـک کـەوهـاتم، کـەچـی تەنیابەرگەردن و باڵیان کەوبوو (تا ئیسـتا نـاو بـانگی کـەومـارم بیستووە، نەمدیوە، بەڵام کەرکەوم نەبیستووە و دیتم) لەوە دەچوو ئەوانیش تازەلە خواردن بووبیتنەوە لمۆزیان بە بـەردوخۆڵـە کـە دەسـڕیەوە سـەر وبـاڵ و پـەڕ و تـووکی کوڕکـوڕ و، هـەوێـردە، پەڕەسیلکە و، شالووروکوتر و، پەپووسێمانەیان لە خۆل وەردابـوو، دارستانەکە گەڵایەکیسەوزی پێوە نەمابوو بە زەڕەی کـەرەگـەل هەڵبەزیمەوە، وەکگلۆڵەی بەن گلۆر بوومەوە، هەتا نێو شیوەکـە نەگیرسامەوە، لە بەرنەرمی گەڵای داران سەر و لـەشـم برینـدار نەبوو، لە ئاوەکە هاتمـەدەرێ خـۆم راوەشـاند گیـانم کـزر بـۆوە برسیەتی بەرازەکەی لە خەوهـەسـتاند بـوو لمـۆزی کـەرەکـانی دەلستەوە، من لە ئەو دەگەڕام، یانئەو لە من؟ خۆم خستەوە سەر پشتی، وەک تێسکەی تفەنگدەرپەڕی منیشی لە گەڵ خۆی لـە بەریانی ئاوەکە هاویشت، ملی نا لەگرتنی ماسـی سـوور و سـپی، ملی پشیلەکانیشی هەڵدەبڕی وخوێنەکەی هەڵدەقوڕاندن، چاوی مامز و هەموو گیاندارەکان وەکئـاورونکـەرە دەخولانـەوە، ئـەو گیان لەبەرانەی هەتا نیوەی لەشیانتەواو نە دەبوو، نـە دەمـردن دەنگی مەلەکە نزیکتر دەهاتە گوێمچوومە سەرچاوەی ئـاوەکـە، خۆم باریک کردەوە بە گونجەی کانیداسەرکەوتم، بەرازەکە پێـی

زانیم کلکم کەوتە بەر شفرەکەی لەنێوقەدەوە قرتا، زیڕەم دەچووە ئاسمان هەر چاوی مامز و مراوی ومەلیچک بوو بە دەم ئاوەکەوە دەهاتە خوارێ دوو سێ چاو بە سەرکلکی قرتاوەوە گیرسانەوە ژانەکەی وەپشت، «حەوت کێوان‌کەوت» هەتا دەچوومە پێشێ لە دەنگە کە نزیکتر دەبوومەوە، لەقوولایی زەویدا بە سەر گۆلاوێکی بەریندا کەوتم، بەردی جوانی‌تێدا بوو، وەک شەیتانۆکە و عاجی فیل دەچوون بۆ دەرمان بە کاردەهاتن، ئەو چاوانەی ژانی کلکی پەڕیویان شکاندم بە درزوقەڵاشتی ئەو بەردانەدا، دەهاتنە دەرێ رەگ و ریشەی ئەو دار ودەوەنەی لە دارستانەکەدا بوون دەمیان بەو ئاوەوە نابوو، گوشاری‌نێو گونجەکە شەکەتی کردم، لە گۆلاوەکەدا رەگێکی رەش و بادراوبە سەریەکدا نیگای چاوەزیتەکانی رفاندم، هەروا کە لە ئەومدەڕوانی دوو سێ گوێلم ئاو خواردەوە، رەگەکە کونێکی لێدەرکەوت، وەکوو داڵانیک بە سەر چنگان خۆم لە کونەکە هاویشت،شان و شەپیلکم تەواوی داماڵدرابوو لە پڕ لە کلۆری دارەکەوە سەرمدەرهێنا، خۆم فڕێدا سەر عەرزی، لە نێو گوێز و گەڵای وەریودابووم. پەلە قاژەم کرد، وە سەر کەوتمەوە خڕەی گوێز و قیژەی من‌هێندە بە تەوژم بوو رەوەزەکە دەنگی دایەوە، هەڵۆکەش باڵەکانی‌بەیەکدا دەکێشا. دیسان زەڕەی کەر هاتە بەر گوێم گەڵای دارەکان‌هەڵدەوەرین لە برسا قووڕەی زگم رۆژەرێیەک دەڕۆیی پەلاماری‌گوێزەکانمدا، دەنکێکی گەورە بە دەستمەوە هات، توێکڵەکەم لێداماڵی، کەللە

سەری خۆم بوو، چاوە زیتەکانم زەق زەق بـۆیدەڕوانـیم. کلکـم قەف کرد، بە سەرە قرتاوەکەی لێم ڕاکێشا،ڕەوەزەکە خرمەی کرد هاتە خوارێ گوێزەکان لە نێو بەردوو خوڵدابزر بوون هەتا ملم بوو بە ژێر گڵ و بەردەوە، هەر تاشەبەرد بوورگی کەری دەدڕی شەو زرینگابۆوە، دەنگە کـە بـەردەوام دەهاتـەبـەر گـوێم پـیرەهـەڵـۆ دەمبێنەکەی داماڵدرا بوو بە سەردارستانەکەوەگێژ و خولی بـوو، ئەستێرەکان دەستیان کرد بە باڕشـت. لێـڕەوارەکـەوەک جـاران چارۆکەی سەوزی کردەوەشانی. بەرازەکە لـە بـەردەممداخـەوی لێکـــەوتبـــوو، بۆگـــەنی دەمـــی خـــەریـــک بـــوو، کاســـی دەکردم.دەمبێنەکەی منیش پچڕابوو قەپم کرد بە گوێچکەیدا، لە شیرینخەودا ڕاپەڕی لە ژێر ئەو هەرەسە ڕزگارم بوو. لە بـەرژانی گوێیڕای کردومێشە و گەڵاوەریوەکان قووتیدا. شێرە کـەلاکـی کەریدەبردە بەری بەر ڕۆژێ و لـەو بـەریشـەوە قـەل و داڵـاش وسیسـارکیش بـە سـەریانـدا دادەبـارین، هـەڵـۆکەش بـە سـەر لێڕەوارەکەدادەسووڕایەوە.

دەنگـەکـە لـە بـن دەسـتمەوە دەهـات، سـەرنجـی بـەرپـێمدا، گوێزەوەریوەکان لە ژێر خۆڵەکـەوە چـەکـەرەیـان دابـوو وەسـەر گڵەکەکەوتبوون، ئەو گوێزانەی کەللەسەری خۆم و ناسیاوەکـانم بوونئەوانەی وا هێشتانەش هاتبوونە سـەر ئـەو دنیایـەی ئێمـە. دەنگیمەلی شەو لە تەواوی ئەو کەللەسەر و نەمامانەوە دەبیسـرا بە سەرکەلاکـی کـەرەگـەلـدا بـازم دا، لـە بـەر هـەسێڵـەکـەدا

گیرسامەوە، پشـیلەکـانخۆیـان لـە قـەوزە پێچـابوو بـە نینۆکـە درێژکانیان سمێڵیان شانە دەکرد.دانووشتامەوە وامزانی تینوومە، کاتێ وێنەی خۆم لە ئاوەکەدابینیکچی بـەیـان تـازە لـە دایـک دەبوو.

ئیتر نەمزانی چەن شەوە لە سەفەردام، بەڵام دەنگـی مـەلـەکـە، لەهەر چوار تەنیشتمەوە دەهاتە بەر گوێم دەتگوت بارانی بەهـارە بەسەر جاڕەگوڵی روحمدا. هاورێیەکەم لە شانی کووتام.

ـ ئەو گۆێارە چی تێدایە؟... بیر لە چی دەکەیەوە؟!

٧٨/٩/٣٠

## «شانسم نەبوو»

لە حەساری دانیشتووە، پاڵــی بــە دیــواری وەتــاغیو داوە، چــاوی لەئاسمان بڕیوە هەتا ملی شل دەبێ لە گەواڵە هەورەکان دەڕوانێ و لەبەر خۆیەوە دەڵێ:

ـ «خۆزگە بزانم بۆ کۆی دەچن»!

ئــەم جــار ســەری بــە ســەر ملیــدا شــۆڕ دەکاتــەوە ، وەک لــە گەڵکەسێک قسە بکا:

ــ «قــەت بــاوەڕناکــەم کێــو چــۆن کــون دەبــێ "ئــەوە خــەیــاڵ پڵاوە"کونیش بێ دەڕووخێ، توو دەفرۆشم لەو کارە باشترە، نا، نــا ـئەویش بە کار نایە، وردە واڵە فرۆشــی دەکــەم بنێشــت، مــت و موور،دەرزی و ئاوێنە، دڵم بە ئەو کارەش خۆش نییە»!

ئەو دەمەی کەوتەوە بیر مووچــەی هــەبــوو، خــاک و خــانوی لــە شارهەبوو...

]بــه شـــەقامـــە گـــەورەکـــەدا شـــۆڕ بـــۆوە لـــە حانـــدی مەیدانەکە،هەناسەیەکی هەڵکێشا هـەتـا هێـزی لـە بـەر دابـوو، هاواری کرد! شانسمنیە شانس![

سـوارە لـە پشـت میـزی نووسـینەکـەی هـەسـتا، هـەڵـات بـۆ حەساریّ،کاکە حەمە چاوی بە سوارەکەوت زۆری پێعـەیـب بـوو چاوی لە بەرپێی خۆی بڕی و مات بوو.

ـ کاکە حەمە چی بوو، بۆ هاوار دەکەی،ماڵتە نێوکم کەوت!؟

حـەمـە زۆری بـە لاوە گـران بـوو سـەری داخسـت و درزێکـی خستەسەر لێوی و کڕبوو.

ـ کاکە حـەمـە، وەرە بچینـە ژوریّ قومێـک ئـاو بخـۆوە، دەزانم بۆپوورەنازیّ بە پەرۆشی!

حـــەمـــە هـــەروا بێـــدەنـــگ و کـــڕە دەتگـــوت قـــالۆری گوڵەبەرۆژەیەقاڵغانەکەی بە ملیدا شۆڕ بۆتەوە.

ـ بە هیوای خودا چاک دەبیّ و ئەو رۆژانە بە سڵامەتی‌نەخۆشخانە بەجیّ دەهێڵی.

پێچ و کڵاوەکەی بـڕێک هـەڵکێشـاو کـەوتـە پـێش سـوارەوە... تازەئاوەکەی خوارد بـۆوە، سـوارە بـە فوویـەک خۆڵـەمێشـی لـە سەرپشکۆی دەروونی لادا:

ـــ بـابم هـەمـوو جـاریّ دەڵـیّ مووچـەی هـەبـوو، خـاک و خانوویهەبوو....

ـ پیاو ئەگەر شانسی نەبوو، هیچی نابیّ!

سەری داخست و لە ئاوخوری‌یە بە تاڵەکە راما، گوتیەوە:
ـ بە ناشکوری نەبێ شانسم نەبوو.
سوارە زۆر جار قـینی لێـی هـەڵـدەسـتا، جارجـاریش بـەزەیـی پێیدادەهات.
ـ خۆت زۆر پـەرێشـان مـەکـە، هـەتـا مـاوی خـانووی خۆتـە و منەتی‌نییە، وەرە بابچینەوە بۆ سەر کـارەکـەت، کێـوەکـە، زۆری نەماوە کوناودیو بێ.
دیسان قسەکەی وەرد داوە، شێوی کردەوە:
ـ شانسم نەبووە و نابێ، ئەو کێوە چۆن کون دەبێ، دەڕووخێ!
هەستان و، وەڕێ کەوتن بۆ لای پوورە نازێ.

١٣٧٦/١١/٢٠

## «بۆن»

«گیان له جێگایەکی سەخت دایە و نایەتە دەرێ»!
ئاخۆ بلێی کەس هەبێ، بە ئەندازەی من بەو بۆنە، قەڵس وپەرێشان بێ، بۆگەنی وام لە هیچ جێگایەک نەدیوەو بە سەردانەهاتووە...، ڕەنگبێ بشبێ و من نەمزانیوە بریا، ئاخ! بریا سەوزنەبوو، بریا، وەک ئەو ساڵەی وا سیلاوەکە...!

بۆنەکە چوو بە سەریدا، کونەلووتی لە بەر یەک ڕەویەوە، پڕبەسیەکانی بەرامەکەی هەڵمژی، هەستا سەرپێ و دیوەکانی بە سەرکردەوە، داڵانەکانی پشکنی و هاتەوە بەر درگای ژورەکەی وا هەوەڵجار بۆنەکەی بۆ چووبوو، لە بەر درگاکە بڕێک وێستا و بەرەو لایبۆنەکە وەڕێ کەوت، کونە لووتی بوو بە ئەشکەوت تا دەهات بۆنخەست و خەستر دەبۆوە. گەیشتە کەناری شار بۆن شێت و هاریکرد، بۆنێکی ناخۆش دەهات فەراقی سەری دەبرد!

بیاوانێکی زەرد و جێگای وا هەبوو زەلکاو، تاڵاو، لە سەد، لاوەزبڵ و زاڵیان لێ هەڵدابۆوە! وە نێوی پەڕی بەو بۆگەنیوە دڵ ودەماری گەشاوە!

بیری لـە بۆنـەکـە دەکـردوە، نـەیـدەزانی لـە کوێـوە دێ بـەرەو خــوارڕۆیی، بــۆلای چــەپ وەرســووڕا، بــە راســتەدا بــای داوە، ئەمجارتێهەڵبۆوە لە پڕدەنگێ رای چڵەکانـد، گـوێی تیـژ کـرد و هەستیڕاگرت نەی دەزانی ئـەو دەنگـە لـە کوێـوە دێ، رەنگبــێ دەیزانی و لەگومان و دووڵیدا بوو گوێی لـە بـەر یـەک کشـانەوە دەست و لاقیشیهەر وایەکیان بۆ وشکایی و ئەوی دی بۆتەڕایی دەرۆیی هاشە وهووشەی ـ با ـ خشەو لەرەی دار و دەوەن لرفە و گرمەی شەپۆل،زەنازەنـا و بگـرە و بـەردە هـەڵـی خولانـد، وەک مەزرەق گێژی کرد بەگوێی راستەدا شۆڕ بۆوە، لە سـەر گردێـک گیرساوە لەوەدەچووبۆنەکەی لە بیر چووبێتەوە یان بەو گێژ بوونە درگای‌کونەلووتی داخرابێ، لە دەور و پشتی گردەکـە چـاوی بـە خەڵک‌کەوت لە گەڵ ئەودا تۆفیران زۆر بوو، بە رۆچنەی خەیاڵدا چووەخوارێ: «ئەگەر کەرێکـم پێبـا زۆر بـاش دەبـوو، دەنـا خـۆ دەشتوانمبچم بۆلایان، لەوە دەچێ لە بەرا نامۆیی بکەن هەروا بـە ئاسانی بەسواری زمانی خۆیاندا وەک سواری خێشـک بم ئـەرێ واباشە».

خەڵکی چـی، هـەمـوو باڵـا بـەرز، چـاوو بـرۆ قـەتـرانی، جـل و بەرگیچڵکن و ژیانی قاقڕ، دڵ کراوە میوانگر.

لەو ڕۆژەوە لە سەر ئەو گردە هەواری خست ژیانی ئەوانی گـۆڕی، کەوتە بیری ئەوە گردێکی دیکە بۆ نیشتمان دروست بکا.
خـەوتبـوو بـە زەڕەی کـەر وەخـەبـەر هـات، خـۆ لـەوە دەچـێ قەتیش نەنوێ و کەروێشکە خەو بکات بە کۆڵـانێکدا سـەرکـەوت تووشی گوێدرێژیک هات، دەستی خستە سـەرپشـتی، گـوێی بـۆ داتەپاند،خۆی هاویشتە سـەرملـی، نێـرە کـەر دەسـتی کـرد بـە زەڕاندن هەرچیشەل و قۆڕ بوو لە نێو دێ وەدەر کەوتن، ئەو بـە سواری و ئەوانیش بە دوویدا، کۆڵانە و کۆڵـان کـەرە بـە زەڕەزەڕ، خەڵکیش بە فیتوولێدان، کوڕ، کچ، پیر و لاو سـەیریـان دەکـرد، ئەوان لە دواوە کەر سوارلە نووا، بۆگەنی تەرس کۆڵانی پـڕ کـرد، پێرەژنەکان بەرکۆش،بەرکۆش تـەرسـەقولیـان هـەڵـدەگرتـەوە، پیاوەکان دەیانکردە لـۆی پشـتینەکانیـان، هیـواش بـوو لـە زاری دەکرد، وەک خورمـا دەیخـوارد،بگرە و بـەردە لـە سـەر تـەرسـە قولساز بوو، بوو بە هەرا دەستەیەک ئەوانەی دیکەی وەبەر شـەق دەدا، زۆر، کەسیش لە بۆگەنەکەدەپرینگاوە و دوور دەکەوتـەوە ـ ئەویش بە سەرگوێدرێژەکەوە، بەوبەزم و هەڵایە کەیفی دەکرد، بە بۆنەکەش سەرمەستی مەست بوو!
لە کۆڵانێکەوە دەستەیەک، کـەر بـە لووشـکە هاویشـتن خۆیـان کردبە نێو عالەمەکەدا، بۆنیان بە میزی نێرە کەرە کەوە دەکـرد و لچیـاندادەپچـڕی، تاوێـک دەبـوون بـە ماکـەر و جـارێکش بـە گۆلەکەر،سوارییەک دەبوون و جووتەیان دەخست و تـەرسـیان

دەکرد،خۆیان تێدا دەگەوزاند، خەڵکەکەش، پیسیان دەکردە سەر،تەپۆلکەیەکساز بوو بە قەت گرددێک، جاری وابوو، لە گردەکەبلندتر دەبوو، لاق و قولی کەرەکان دەبوو بەڕان و بەلەکیسۆزانیەکی خرپن جحێڵەکان دەستیان پیدا دەهێنان و دەمیان ئاویدەکرد، چاویان دەبڕییە چاوە رەشەکان و سەیری یاڵ و ملیئەستوریان دەکرد، بۆنیان بە میز و تەرسەکانەوە دەکرد، لچیاندەکردەوە و ملیان گەزێک هەڵدەهێنا، بۆنی میز و تەرس کۆڵانەکانیگرتەوە، تاق تاق ماڵ مابوو، بوگەن نەبێ و تەرسەقولی لێنەبێ،ئەوانەی وا لە سەر تەپۆلکە تازەکە خۆیان دەگەوزاند، خۆیان کرد بەکۆڵانەکاندا، سواری یەکتر دەبوون و دەپەڕێنە سەر شان و کۆڵییەکدی، جاری وابوو سوارەکان دەبوون بە مێ، سەرو قژیان وەبەرشنەی بایەکە دەدا و بڕێ جاریش گۆلەکەرەکان دەبوون بە پیاووسمێڵیان بە سەر چەنەگە و لمبۆزیاندا شۆڕ دەبۆوە، غارغارێن وتەپ و تۆز، لووشکە هاویشتن ببوو بە پیشەی هەندێ لەوگەڕەکەو...!

یەکێ لە پیاوەکانی گردە کۆنە هاواری کرد:

«چیلکە و چاڵ بەر نەکۆڵانەکان، ئاور بکەنەوە، با بۆگەنەکەنەمێنێ و تەرسەکان بسووتێن».

زۆر لەو رۆژە دەترسا، چاوەشین و پڕووشەکانی دەرپەڕاند:

«من بە ئاور و دووکەڵ قەڵسم، نابێ شتی وابکەن لە خۆشی دنیاو قیامەت بێ بەش دەبن»!

پیرەپیاوێک وە دەنگ هات:
«بــە ســووتاندنی تــەرس و تــەپاڵــە بۆگــەن و مــێش و مــەگــەز نامێنیٚ،هەوا گەرمبکا، دەمانخۆن».
بــڕێک لــە خــەڵــکی ئــاوایی زگیــان بــە قــەت مــەشــکەیــەک هەڵمسابوو،هێندەیان تەرسەقول کردبــووە نێــو پشــتێنەکانیــان، زۆریان حیزانەسەریان بەر داوە و بڕێکیان هاواریان کرد:
«ئیمە بەو ئاگرەوە ماوین»!
لە گەڵ ئەو دەنگــەدا دار و پووشــیان ئــاگر تــیٚ بــەردا، دووکــەڵ وەک‌کۆڵەکە خۆی لە بن میچی ئاسمان توند کرد، ئەویش یــەک دوو جارپشمی، لرفاندی و فیشکاندی، بۆنی  دووکەڵ کونەلووتی کردەوە،دەمارەکانی هەڵمسان و دەستی کرد بــە چــەپڵــە لێــدان حەشاماتەکــە، بــەدەوری ئــاورەکــەدا دەســتی یــەکیــان گــرت و هەڵپەڕین... چهەڵپەڕینێک، ژنان سەرچۆپیان دەکێشــا، پیــاوان وەهایان پەنجەی‌یەک دەگوشی خوێن چۆڕەچۆڕ، دەکەوتە، ســەر کەوشەکانیان وشڵپە شڵپ بە هەڵپەرکــیٚ وە نێــوی دەکــەوتــن، جووت پیٚ هەڵیان‌دەخستەوە، منداڵان بــاوەش بــاوەش چرپــی و هەڵاشیان دەهێنا وئاگرەکەیان خۆش دەکرد، هەر لاسکی دار و گوڵ بوو، جواناوی‌دەردەدا و زەرداوی لیٚ دەچۆڕا.
هێشــتا ئــاور دانــەمرکــابوو پیــاوەکــان گلێنــەی منداڵــەکانیــان دەردەهێناو، مێشینیان پیٚ دەکرد، ژنەکانیش مەمکی خۆیان، بــە پۆلووی‌ئاورەکە دەبرژاند، یەکەی کوتێکی برژاوی بە دمــەوە بــوو،

سێجرتەکی لە شاییدا هەڵی دەخستەوە، بۆنی مەمک، بۆنی دووکەڵ،ئەوی شێت کرد: لاق و دەستی، لێ درێژبۆوە، بە چەشنێک، کەواگردەکە لە باوەش بگرێ بووبە دەعبایەکی عەجایب پەنجەی خستەژیر گردە کەو لە بنەوە هەڵی کەند، وەک تۆپێک بەر شەقی دا، لە پڕبوو بە قالۆنچەیەکی رەش وەک ئەو گوو گلێنانەی لە شیاکەو، شتیوا هەڵمات ساز دەکەن، ـ ئەو تۆپە خڕەی هەڵخولاند، بە پاش وپێشدا، دەیهێنا و دەی برد وەک هەڵماتێکی تەڕو تازە لە پێشخۆیەوە گلۆر دەبۆوە، بۆنی ردێنی پیاوەکان و بەرامەی بەرۆکی ژنو کچە کەرسوارەکان مەستی کردبوو.

ئەوانەی لە سەر گردە کۆنەکە راوەستابوون چەپڵەیان لێدەدا وسەیریان دەکرد، ئەویش هەڵماتە بۆگەنەکەی بۆ بەر درگاکەی خۆیپاڵ پێوە دەنا، منداڵەکانی بە پیریەوە هاتن، هەموو قالۆنچە، رەش وچڵکنەکان تێی ورووکان و راپێچیان کرد.

رۆژ لە حەژمەتان لە پشت کێوەکان خۆی حەشاردا، هەورگرماندی باران دایدا، کەر و کەرسوارەکان بە سەر تۆپەشیاکەدا،شۆڕەشۆڕ میزیان دەکرد. وردەوردە هەڵمات، تۆپەکە،گردەکە،هەرچی، لە ژێر بارانەکەدا بوو تواوە، لافاوی میز و بارانهەستاو لە بەر یەک بڵاوی کرد.

قالۆنچەکەش هەموو گیانی بوو بە دوو لووتی گەورە و بە سەرئاوەکەوە پڕبە سیەکانی بۆنەکەی هەڵدەمژی.

١٣٧٨/٤/٢٦

## «مامۆستا»

درگاکە زاری داپچڕی مامۆستا هاتە ژووریٚ و...
منداڵەکان یەک پیٚ لە بەری هەستان، پاش ئەوەی لە سەرکورسیەکە دانیشت، فەرمانی پیٚدان کە دانیشن، دەفتەرەکەی لە بەردەمی دانا و لیٚکی کردەوە، بیٚ ئەوەی سەری بەرز بکاتەوە:
«عەلی پیرمام؟ ئامادە ـ سەمەدی؟ ئامادە ـ رەشید؟ ئامادە».
هەمووی بە سەرکردنەوە، لە دەفتەرەکەی شتیٚکی نووسی، بەخامەکەی تۆزیٚک بناگویٚی خوراند، سەری هەڵیٚنا و چاویٚکی پیٚداگیٚڕان رووی کردە رەشید: «وانەکەت وەخویٚنە» دەتگوت بولبولە بەسەر سوورە گوڵدا دەخویٚنیٚ!
ماموستا بە شەقامی خەیاڵدا شۆڕ بۆوە، وەک رۆژان خۆی کرد بەدووکانی «لـایران» دا کاکە خولە سەری بە سەر ماشین

حیسابەکەداگرتبوو، لە بەر سەرقاڵی خۆی گوێی لە سڵاوی ماموستا نەبوو.
زیرەی زەنگی مەدرەسە، منداڵەکانی هارووژاند، مامۆستا بە دەمراپەڕینەوە:
«کاتی بەرەو ماڵ بوونەوەیە».
رەشید لە بەر دەرگاوە هاواری کرد: «دایە، دایە ئەمرۆش وانەمپێ بڵێ، ئەوی دیکەم رەوان بوو»
عەلی و سەمەد بە دەم رێگاوە:
«سەمەد، تۆ دەزانی باوکم تەلەویزیۆنی لە مامۆستا کڕیوە»؟
ـ «خوشی لە خۆت باوکت پوولی زۆرە»!
ـ «نا ـ نا، بڕیارە مانگانە بڕێکی پووڵ بداتێ، تۆش وەرە ئەمهاوینە با سەیری کارتۆنی دایە مەمدەبەگورگێ بکەین»!

١٣٧٨/١/١٦

## «وەجاخ کوێری»

بەرە بەیانێکی بێ دەنگ و سریویە، ئاخ! دیمەنی ئەو شاخەچەندە بۆ من ئاشنایە لە مێژە پاڵم پێوەداوە چیایەکی داوێن سەوز وسەر بەرزە، لە سەرما و گەرمادا پاراستوومی درۆی لە گەڵدانەکردووم، ئەوەتا، تاجە گوڵینەی ئەستێرانی لە سەر ناوە هـەر بۆیـەخۆشـم دەوێ.

ـ ئەی شەو، خوشت دەوێ!

وشەی شەو ئازارەکەی هێنایەوە سوێ، نێو چاوانی تاڵ کردوو:

ـ شەو و رەشی قەت نا، ئەگـەر مانـگ و ئـەسـتێرە نـەبـا، شـەو زەوی‌لە خم هەڵدەکێشا! لە مێژبوو پاڵی بەو شـاخەوە دابـوو، لـە گەڵ هەرهەستان و راسانێکیدا بـیرم دەکـردەوە، هـەمیشـە وام، ناتوانم چرای‌خەیاڵم لە هۆدەی بـیری ئـەودا کـز بکـەم، دەڵـێی مژۆڵمە بە سەرپێلوومەوە، خەویش بۆتە کەپەنکی خووساو بە سەر ئازای لەشمدا.

ـ بەو زگەوە پەرێشانی؟ وەک بڵێی یەکەم زگتە! نازانی کەی لێدەبیتەوە!؟...
ـ هەر ئەوجارە دووگیان نەبووم لەو ڕۆژەوە هەم ئاوام، بەڵامنەبەم شێوەیە ئازار چەشتوو! زگەکانی دیکەم ئەوەندەیان دەرد پێنەداوم.
پێش ئەوەی لێبێتەوە حەزی بە مردن دەکرد! لێیان دەپرسی«منداڵت بۆچیە؟ کێت دیتووە گومبەزی لە سەر گۆڕەکەی دروستکرابێ».
لەو لامدا سەری دادەخست و چاوی لە سەریەک دادەنا،ماوەیەکی کورت بەم چەشنە دەماوە و ئەو جارسەری بەرزدەکردەوە، چاوەگەشەکانی دەکردە دوو گڵۆپ بە بن میچیئاسمانەوە، لێوی بە بزەیەک دەپشکووت دیسان بێدەنگ دەبۆوە.

بەرە بەیانێکی فێنکە و ئاو هەڵدێر هاژەی کردۆتە موسیقایدارستان و شاخەکە، گیا و گوڵیش ئاونگ هەڵدەمژن!
بەیان کراسەکەی بەری خونچەی داکەندووە، بە شەونم دەمووچاوی بۆ شۆردووە، «ئەویش» تازە لێ ببۆوە خەریک بوو بەجلەکانی خۆی ساواکەی پۆشتە دەکردەوە، بە تەڵەزمێک بەردیشاخەکە نێوکی بڕیبوو «ئەو شاخەی پاڵپشتی ئاواییە

کەبوو» بەچلێک وەنەوشە گرێیەکی لێدابوو، «وەنەوشەی قەدپاڵ و نسارەکان»توند نابووی بە، بەرۆکییەوە مەمکی لە دەمــی نــابوو، سەیری بەخۆیەوە دەکوشی، دەتگوت هەر بینا هەناسەی لێچنی، یان‌پەراسووی تێک شکاند، وەک تۆپەڵە بەفر بــە گــەرمــای نێــو لەپی‌دەستی تک‌تک دەبوو بە ئاوو دەتکا سەر عەرزەکە گژ و گیــا وچیاکــەش زۆرتــر رووەو ئاسمــان هــەڵــدەکشــا لێــوە شــەقــار شەقارەکەی‌زەویش دڵۆپەکانی دەقۆزیەوە.

چەند جار هاوارم کرد:

ـ کوشتت، پیشا!

کێوەکە دەنگی داوە، هەر وەک گوێی لێ نەبوو بێ وابوو.

خــەونــەکــەی شــەوی پێشــووم وەبــیر هاتــەوە ]خــەڵــکی ئاواییەکەددانیان کەوتبوو، کەسێک هەڵی دەگرتنەوە، دەی کردن بە کێل، زۆرخەریک بوو هەتا دوو کێلی بۆ تەواو بوو[

بەڵام ئــەو هــەر ســەرنجــی دەدام و پێــدەکــەنی، بــە ســەر تێــی گەیاندم‌لێی نزیک ببمەوە، ئــاخێزێکم کــرد. چوومــە بــەردەمــی، واقێکم بردەوەچاوشین، تروسکەدار، هەستم بە خۆشــییەکــی لــە رادەبەردەر کرد!نازانم بۆ.

رەنگی چاوەکانی... ئەرێ ئەســتێرەن! تــەماشــایەکــی ئاسمــانم کردچاوەکانی تێکەڵ ئەستێرەکان ببوون، بە چــاوی خــۆم دیــتم وەکرۆژی روون دیــار بــوو، زۆر بــەلامــەوە ســەیــر بــوو بــرێک چاوم‌هەڵگلــۆفی، دووســێ ســووکە زللەم لــە لا روومــەتی خــۆم

سرەواند،وام دەزانی خەون دەبینم، لێم روانیەوە، خەوی چی بە هەڵە نەچووبووم.

ئەستێرە و رۆژی رووناک! یان شەوە و من نازانم!

ـ ئەوە ئەستێرەنین، چاون چاو، لە تاوی تۆ بوون بە ئەستێرە!!

دەنگی شاخەکەبوو، مچوڕکێک نقورچکی لە مێشکم گرتقامکی شادەم کرۆشت وڕ و کاس بووم، غەڵبەغەڵبێک بە ئاگایهێنامەوە، ئاپۆرە، جەماوەر، دەلێی رۆژی حەشرە مەحشەر هەستاوەمن نەمزانیوە»!

وەک ئەستێرە و هەنگ خەڵک پوورەیان دابوو، قامکی ئاماژەوەک سەرە نێزە رووبە چاوی ئاسمان راگیرا بوون ، شاخەکە مێزەر وپشتێنی کەسکی پۆشیبوو، شەو بە فڵچە کۆنەکەی تەوێڵی ئاسمانیرەش کردوەوە ئەستێرەکان دەبریسکانەوە، نا، نا ـ چاوەکان!ئاورینگیان دەپژاند، لە پڕ بوو بە هەراو بانگ:

ـ (زەیستانە کە، زەیستانەکە مرد... مرد...مرد...)!

خەڵک وەک هەنگووروژان تێک هاڵان، ئاڵۆزان و خڕبوونەوەسەر یەک بڵاوبوونەوە و، پوورەیان داو هاروژانەوە، هەموویاندەگریان دەستەیەک هەڵیان گرت و بە فرمێسکەکانیان شۆردیان،دەستەیەکی دیکە بەرەو گۆڕستان بردیان، نا لە سەر شاخەکەناشتیان کێلەکانیان هێناو بۆیان چەقاند، حەشاماتە کە بە سەرگورەکەدا دەگریان، کێلەکان سپیان دەکردەوە، شاخەکەش قاقاپێدەکەنی.

هەندێک دەیان گوت:
«ڕەنگبــێ خــۆی کوشــتبێ، بۆیــە نــەیــان بــردە گۆڕســتانەکــە، ئەوانەی‌دی دەیان گوت نا ـ ئەو هەتا بوو هەر بە تەنیا ژیا»!
هــەر کــەســە، بــیر و بۆچــوونی خــۆی دەردەبــڕی، هــەمویــان دەگریــان،تێکــەڵــاو دەبــوون و پێکــدا دەهــاتن، دەیــان گــوت: «مردووە».
تیکڕا بە دەنگی بەرز «باوەڕ ناکەین!»
«عومرێکە ئەو ئەستێرانە دەبینین، ئەرێ شەو و ڕۆژیان بۆ نیە».
ئەوانەی وا لە ناشــتنی تــەرمــەکــەدا بــەشــدار ببــوون لــە گــەڵ شەبەقی‌بەیاندا، گەڕانەوە، چوون بۆلای ســاواکە، کاتــێ یــەکیــان گرتەوە لەخۆیان ڕوانی، هەر کەسەو کۆرپەیەکی لە ئـامێزدا بــوو، ئیتر لەوکاتەوە زەیستانەکە مرد، یان دایکی ساواکە، یان هەر چی ئێوە نێوی‌بنێن گومبەزییەکی بــە ئــەســتێرە داڕێــژراو، بــە ســەر شاخەکەوەیە.

١٣٧٨/٢/١٥

## «دارستان»

وتم، بیر لە چی دەکەیەوە؟

ـ لە داهاتووی...

بە ناخیدا شۆڕ بوومـەوە، ئـەگـەرچـی سـەری قسـەکـەی گـوت وخێراش قرتاندی.

ـ بەراستی کابرایەکی سەیری! خـەڵـک بـۆ ئـەوەی لـە کیسـی چووەهیچـی پـێ نـاکرێ، کـەچـی تـۆ پـەرۆشـی دوا رۆژی کـە نایبینی!

ـ ئاخر من لە گەڵ ئەو بیرەدا، ماوم دەنا دەبوو لوولاکیشم نەمابا.

ـ باوەڕ بە خۆت دەکەی ئەگەر شێت نی!

ـ باشترە کە هەر وابم.

ـ بۆیە کە رۆمانی ژینگەتم خوێندەوە...

ـ بۆ وست کوت بووی! چیبوو، بڵێ!
ـ هەر لێی گەڕێ، باسی مەکە.
ـ جا بۆ با بزانم بیر و رات چۆنە....؟
ـ با بمێنێ کورتەیەک لەو بیرەوەریـەکـەی گـەڵاڵـەت کـردووە، باس‌بکە.
ملـــی قیـــت کـــردەوە، نیگـــای خســـتە شـــوێن مێگـــەلـــە هەورەکان،دەفتەری خەیاڵی لە یەک کـردەوە.... بـەرە بـەیـانی یەکەم رۆژی‌پاییزی پشتێن زەرد.
(بڵێی ئـەوانـیش هـەر وەک ئێمـە بـژین؟ دەی کـەوابـوو بـۆمن چتۆفیرێکی هـەیـە ئێـرەیـان ئـەولا، بـە قـوڕ و بـەردو چیلکـە خانووم‌سازدەکرد، مانگا پێی پێدا دەنا، تێکی دەڕووخانـد دەسـتم دەکرد بەگریان، دایکم دەستی دەگرتم و دەی بردمـەوە بۆماڵـێ دەیگوت:
ـ کاتێک گەورە بووی، خانوو دروست بکە، کـەڵـیش پێـی پێـدا بنێناڕووخێ!
کەچی ئیسـتا ئـەوەی‌سـازی دەکـەم مریشـک لـە بـن دیـواری چینـەدەکـات و بـەردی بناغـەی دەردەخـات، پشـیلە سـوواخی سەربانەکەی‌هەڵدەکۆڵێ و میزی تێدەکا...)
چاوی بە سەر پەڵە هەورێکەوە قەتیس مابوو دار چنارێک‌سـەری کردبوو بە ژێر سێبەرەکەی دا.

ــ دەی کـەوابـێ هـەر منداڵـەکـەی ئـەو سـام... بـە منداڵـی خەونێکی‌سەیر و سەمەرەم دیت، ئیستاش هەر لە بیرمە، بـۆ زۆر کەسم‌گێڕاوەتەوە زۆر بەیان پێیان سەیر بووە، بـڕێکیان تیتاڵـیان پێ کردم]بیستن کەی چەشنی دیتنە[ ئەگەر ئەو کات نا ـ نا هەر ئێستاش ئەوژانەم بۆ چارەسەر نەکـرا، گلێنـەی چـاوەکـانم وەک کامێرای فیلم‌هەڵگرتن دیمەنەکانی ئەو خەونەی هەڵگرتبا... ئای چ عاجباتێ،ئەمڕۆو داهاتووەکان هەر کەسە و چـاوی لـە فیلمـی خەونەکەی، یان‌خەونەکانی خۆی دەکرد.

هــەر ئــەوەش نــا، خــەونــەکــانی دیکــەم رابــردوو داهــاتوو، چووزانم‌خەونەکانی بابم، باپیرم، دایکم، نەنکم کەڵەشێرەکەمـان، مانگاکە،مریشکەکان و سەگەکەش، کە هەموو جارێ رادەپەڕێ و دەکەوێتەسەر هیچ.

ئـەمـڕۆیان بـە زێـڕ هـەڵـیان دەکێشـام، یـان دەیـان کوشـتم، دەشزانم‌ئەوەی دووایی بە قازانجم تەواو دەبوو!

نەم زانی لەکەیەوە دمی لە قسە کـردن کـەوتبـوو، رەنگبـێ مـن خــەوملـێ کــەوتبــوو بــە خــۆم نــەزانیبــوو، ســێ کوچکــەیــی هەڵتروشکابوو،تەوێڵی لە سەر کەشـکەژنـۆ رەقـەکـانی رۆنـابوو، کیتەڵە رەشەکەی‌نەنکم کەوتەوە بـیر کـە هـەمـوو جـارێ پـڕی دەکرد، لە ئاو وهێرەڵماسی و دەینا سەر کوچک‌ئاوەرەکە ئەویـش قوڵتەقوڵت‌دەکوڵی.

دەستم لە ئەستۆی کرد، گونا تەڕەکانیم راmووسی:

ـ ئەریٚ باشە،ماڵتە خۆ تو منداڵ نی.

سەری بەرز کردەوە، هەناسەیەکی دریـژی هـەڵکێشـا، چـاوێکی لەبەرۆکی ئاسمان کرد هەورەکە نەمـابوو، دار چنـارەکـەش سـێ کەسی‌تەور بە دەست دەوریان دابوو، نازانم چۆن بـوو چـاوی لـە چاوم بڕی‌لە شەرمان ئازای بەدەنم وەسەر ئارەقەکـەوت. بـە نێـو دارستانێکی‌سەوز و فێنک داشۆڕ بوومەوە، ئەوەی خودا، گیان لـە بەری دانابوولەویٚ بوو، کەڵ، شێر، ورچ، گورگ، ڕێوی، چـەقـەڵ، مشک، مار،داڵاش، کونـد، مـامز و کـەروێشـک و... ـــ جریـوەی مەلان، سریوەی با،هاژەی تایٚگە و خوڕەی چۆماو، گەڵـای دار و درەخت ئاونگی‌لێدەچـۆڕا، شـنەش بـە هـێمنی سـەوزەی شـانە دەکرد، گوڵیش‌هەڵنەدەوەری و لاسکیش نەدەسووتا.

لە سەر قەبرغەی کۆلکەدارێک نووسرابوو:

ـــ (ئـەگـەر ئێمـە وەک ئـەو گیاندارانـە، گۆشـتمان خورابـا تـا ئێستا،جووقەوارمان لێبـڕابوو)! بـە سـۆرانیەکـانم ئـارەقـەی نێـو چاوانم‌سڕیەوە.

۱۳۷۸/۸/۳

## «گوێزەبانە»

خالۆ ڕەشید لە سەر لبادە ئەستوورەکە دانیشتووە، پاڵی بە دەستەنوێنەکەوە داوە و، ڕیشووی دەسرەکەی سەری کە دایکی شیلانبۆی هەڵبەستووە بە جووڵانەوەی سەری لە بەر دریژی لەرەی دێ،خەریکە سۆرانیە کراوەکەی دەبەستێ و لە بەر خۆیەوە دەڵێ ـژنەکە! شیلان قەیرە کچێکی خوێندەوار و لە کڵ دەرهاتووە، قابیل بەهەموو ماڵێکە، دەی دەم بە کەسێک تێر و پڕ وەک ماڵی خۆم!

خێزانی رووی تیدەکا و دەڵێ:

ـ پیاوەکە، بۆ کێ خوازبێنی کردووە تۆ ئەو جۆرە باسی شیلاندەکەی؟

خالۆ ڕەشید تازە لە بەستنی سۆرانیەکە بۆتەوە دەڵێ:

ـ ژنەکە بۆ خەریکی شـوێنەگـومکێی، پێـت وانیـە بـە حـەیـس وبەیسی تۆو خاتووزین بزانم!
ـ دەی خۆ پوور خاتووزین سەرە ژنی گەڕەکە و کوڕیشی کاسبو بنەماڵەیەکی باشن!
خالۆ رەشید لـەو کاتـەدا، خـەریـک بـوو لـە ژوورەکـە دەچـووە دەرێگوتی:
ـ نازانم بۆچی پێم خۆش نیە لە گەڵ بێوەژندا خزمایەتی بکەم!
مام حـەسـەن پیـاوێکی سمـێڵ زووری چـاو زەرد «کێچـی بـە گابوو»پیر نەبوو هەر بە منداڵی ئەو مامەیـان بـە سـەردا بـڕیبوو، ئێستاهاوژینی شیلانە.
هەوەڵ منداڵیان کە لە دایک بوو، بابی بۆی لە زەنگیتەلەفووندا، حەسەن گووشی نا بەگویەوە. بابی بە دەنگێکی گڕەوەئەلۆیەکـی دەبنا گوێی سرەواند:
ـ مام حەسەن مزگێنیم دەکەوێ خودا کوڕی پێ داوی.
مام حەسەن هەر چـەنـد ئـەم هـەواڵـەی زۆر پـێ خـۆش بـوو، بەڵاملەرووی هەڵنەهات شادی خۆی لە قاو بدا، بە شەرمێکەوە:
ـ بە سەر چاو خۆش مزگێن بی.
ــ کـوڕەکـەم ئێمـە سـەرێکـین لـە نێـو سـەرانـدا، بـۆ رۆژی حەوتەیمیوان داری دەکەم کەل و پەل بۆ ماڵێ بەرێ بکەوە!

شەوێـک پێشـتر مـام حـەسـەن بـۆ ئـەوەی سـەد تمـەن نـەدا بەحەمبالێک ئەوانـەی بـۆ حـەوتـەی لـە دایـک بـووەکـە کـڕی بووی‌بۆخۆی زەحمەتی بردنەوەی کێشا.
نیـوەڕۆ بـابی مـام حـەسـەن خـواردنێکی باشـی دەرخـوارد سمێڵزوورەکان‌دا. لە سایەی سەری منداڵەکەوە خاو و خێزانیش جەمێک‌ئارەزویان لە پڵاو و گۆشت شکا، شیلان زۆرکەیفـی بـەم نێو نانەسازبوو، ئەگەر چی لە گەڵ خەسووی لەو ماڵـەدا. «پـەتی سەوەتەش‌تەواو نەبوون» چەند ساڵ رابرد، هیوای چکۆڵـەی مـام حەسەن بەخۆی داهات. هەڵیدا، لە تـەڕ دەیخـوارد و لـە وشـک دەنووست،دەیکڕی و دەیدڕی چ چـاک و بـاش بـوو دەیپۆشـی و دەینۆشی ئێستاخودا خوشکی داوەتـێ، رۆژی حـەوتـەو نێونـانی هاتووە.

]شـیلان وای نـەدەزانی نـەخۆشـەو لـە دیـوی ژنـان میـوان داری‌دەکـرد، شـیرینی و مینـووی دەبـەشـیەوە، سـاواکەی بـە سینگەوەدەگوشی، شـەربـەتی دەخـواردەوە ژنـان لانکـەیـان بـۆ دەرازانــدەوە،دەســرازەی شــین و ســووریان وێ دەخســت و کووژەکەیان پێداهەڵدەواسی گوڕەیەک بـوو «دەتگـوت کاسـەی

قەرەچی ئاوبردوویەتی» دەیان کردە بن پشکی هیوا و بە گوێیـان هەڵیان دەکێشاو بۆیان بە ژن دەدا.
هیوا بە نێو ژناندا چووە ژووریَ و سرتەیەکی لە گەل شیلانکرد:[
ـ نەیان گوت ناوی دەنێن چی!؟
ــ جـاریَ بـازاڕی چـەک و مـافووره و گـەنم ونـۆک گـەرمـە، شیندەفرۆشری و سەلەم وەردەگیردریَ، با بزانین کەی دووکـان تەختەدەکریَ!
ئەو قسانەی لە پیاوەکان بیستبوو.
شــەو درەنگانــە و ســاواکەش مــەلۆتکــە کــراوه «مــەمکــی فریشتاندەچەکێنیَ»
شیلان سیَ چوار کەڕەت چایەکەی بۆ مام حەسەن گۆڕیوە،بەڵام ئەو لە بەر حیساب و زیکەی ماشین حیسـاب و سـیایی فـروشو کڕین ناپەرژێتە سەر چایەکەی.
بـەیـانی مـام حــەســەن چایــەکــی زەردی بــە ســەر نــان و شیرێژەکەداهەڵقوڕاند. شیلان لە دەرکەی حەساریَ گرتیەوە:
ـ ئەدی نێو نانی کچەکە بوو بە چی؟ گوێزەبانەی بۆناکەی؟
ـ کچ و گوێزەبانە! ناویشی با نازیَ بیَ.
ئێستا و ئێستاش کچی بێچارە نەگوێی هەیە و نە زمان!

۱۳۷۷/۱۰/۳

## «ماڵە بەرزەکە»

تاو وبان گەرم دەبێ و "پوورامین" لە دیوە تاریک و شێدارەکەدێتە دەرێ. درگاکــە هــەڵــدەپێکــێ، ئــەوەنــدە کــۆم بۆتــەوە چارەکەکـەیشـانی خـەریکـە بگاتـە زەوی. بـەر لـەوەی بگاتـە شەقامەکە دەڕوانێتەماڵە سپیە بەرزەکە، لـە بـن لێـوەوە شـتێک دەڵێ ئیتر سوورێکی نێوبازاڕ لێدەدا، ئەوە کاری هەموو رۆژیەتی. لە بەر درگای مزگەوتیبازاڕ لە سەر لەتـە کارتۆنێـک دانیشـتووە، دەسماڵێکی راخستوە بڕیکوردە پـوولی لـەسـەرە ٥ تمـەنی ١٠ تمەنی... بێ ئەوەی بە خۆی بزانێدەستی راگرتووە؛ لێتان بە زیاد بێ، خودا کوڕتان لێ نەستێنێ.

ئەو بەیانیەی گەیشتە راستە رێیەکە، داوای خێـری لـە یـەکـەم کەسکرد:

- کوڕت نەمرێ، خودا کوڕت بداتێ.

باوەشی بازارەکە جمەی دەهات لە خەڵک.

هــەروا کــە، هــەنگــاوی دەنــا، ماشــینێک لێیــداو رەوانــەی ئەوبەریشەقامەکەی کرد.
لە ماڵە بەرزەکەوە ژن و پیاوێک سەیریان دەکرد و دەتریقانەوە!

١٣٧٨/٦/٢٩

## «تیخ»

کڵاوە چڵکنەکەی بە تیلاگی سەریەوە ناوە، لە درگای حەسارێدێتە دەرێ بە چاوی مۆڕەیەک لە عەرزەکە دەکا، بەدەستی دەنکی‌تەسبێحەکە دەژمێرێ.
ئەم سەر و ئەو سەری کۆڵانەکەش شەقاو دەکا.
خێزانی تەشک و داوێنی ئارداوییە. بە دەستەوارێک نانەوە،دەگەڕێتەوەوە بۆماڵێ.
یەکێ لە کوڕەکانی دەڵێ:
«دایە تیخێک نیە ردێنمی پێ بتاشم!»

١٣٧٨/٦/٣٠

لــە چێــژی عــومری پــر مــەینــەت بــە دایم بێقــەرایمــە
لـــە نـــاخی ســـینەکـــەیدا خـــا شـــەرارەی دەردەرایمـــە
لـــە ئـــەحواڵـــی پـــەرێشـــانم نـــەبـــوو زانایـــە رامێنـــێ
کــە ســەر ماتــەم گــڕی ئــاهم لــە چــۆن ئیســقان دەســووتێنێ

پێش‌کەشە بەو زانایەی کردوومی
بە دەستە چیلەی سوتمان

# ناوەڕۆک


نێوی چیرۆکلاپەرە

«نامەیەک لە لایەن رومان نووسی بوکانەوە کاک فەتاح ئەمیری١

«دەنووکی ماسی»٤

«بەیان»١٠

«تینوو»١٥

«ترووسکەیەک، لە تاریکیدا»٢٠

«مەولان»٢٤

«ماڵ»٣٥

«شەماڵ»٤٤

«توانەوە»٥٢

«پاڵەوان»٥٨

«ئاشنا»٦٤

«تار و مانگەشەو»٦٩

«دەنگێک لە تاریکیدا»٧٤

«شانسم نەبوو»٨٣

«بۆن»٨٦

«مامۆستا»٩٣

«وەجاخ کوێری»٩٥

«دارستان»١٠١

«گوێزەبانە»١٠٦

«ماڵە بەرزەکە»١١١
«تیخ»١١٣

# ترووسکەیەک لە تاریکیدا

کۆمەڵە چیرۆک

نووسەر: سەلاح نیساری

خۆشەویستم! بڕوات هەیە تۆ شــنەی شــەماڵــی، مژو هــەوری چیــای دەروونم دەڕەوێــنی، مانــگ وئــەســـتێرەی شـــەوانی دنیـــای خـــەیاڵـــمی و هەتاوی‌دوندی دەمەو بەیانمی.

# تر وسکە یەک لە تار یکی د
# ا

کۆمەڵە چیرۆک

نووسەر: سەلاح نیساری